

# بەختەوەربون

نوسینی : د . عەبدولکەریم ئەلبەکار
وەرگێڕانی : ئیبراهیم ساڵح

تەمموزی 2008

شانشینی بەریتانیا

# نحو الحياة الطيبة

تأليف : د . عبدالكريم البكار
ترجمه : ابراهيم صالح

# بەختەوەربون

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

نوسینی : د . عەبدولکەریم ئەلبەکار

وەرگێڕانی : ئیبراهیم سالح

شانشینی بەریتانیا

تەمموزی 2008

ناوی کتێب : بەختەوەربون

نوسینی : د . عەبدولکەریم ئەلبەکار

وەرگێڕانی : ئیبراهیم سالح

بەروار : تەمموزی 2008

ئامانج و مەبەستی سەرەکی کاروانە درێژو سەرهەڵگرەکانی مرۆڤـ و پشکنینە جەنجاڵ و لەسەرخۆکانی گەیشتن بوە بە ژیانێکی کامەران و بەختەوەر ، چون بوە بەرەو ئاسودەبون و دڵ و گیان هێمن بون ، ئەگەرچی هۆکارو ڕێگەکان جیاواز و هەمەرەنگ بوبن ، بەڵام هەر بە نیازی گەیشتن بەو مەنزڵگەیە بزاوتون و کەم تا زۆر لە فرسەخ و قۆناغەکانیاندا وێنەو تراویلکە و حەقیقەتی بەختەوەری خۆی تێدا نمایش کردون و خاوەنەکانیان ئەزمونی جیاواز لە سەرکەوتن و نوچدان و دارمانیان تێدا تۆمار کردوە .

ئەم ڕۆژانەی تێیدا دەژین تەنها چەردەیەکن لە گەورەرۆمانی بوون ـ الوجود ـ ، ئەگەرچی ئەم بەشە کەم و بچوک و بەرتەنگ و تەسکیش بێت بەڵام بەشەکانی تری ئەو گەورە رۆمانە بەبـێ خوێندنەوەو سەیرانەگەشتی ئەم بەشە بەتەواوی مانایان نابێت و ، ئەوەی بەم دالانی ئەزمونەدا نەگوزەرێت هەرگیز ناگاتە بەرینایی نەمری وگوشادی بەردەوام ، ئەمەش خاڵێکی جەوهەری وناوەندی یە لە پشکنین وگەڕان بەشوێن بەختەوەری دا ، چونکە جیاوازی وبۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو کەسەی بڕیارو خەملاندنەکانی تەنها لە ژێر رۆشنایی ئەم بەشە لەبەرچاوەدا دەردەکات لەگەڵ ئەو کەسەی هەموو بەشەکان لەبەرچاو دەگرێت ، بە تایبەت لەو مەسەلانەی کە وەڵام و سەنگدانەوەکانیان لەم بەشەدا ونن و زیاتر سەری عەوداڵی دادپەروەری و هاوسەنگی دەئاوسێنن ، وا دەردەخەن ئەگەر دیمەنەکان تەنها بەوەندە بگەنە کۆتا گەلێک بـێ مانایی و ونبون لەخۆیانەوە دەپێچن .

مرۆڤـ بە سروشتی خۆی هەمیشە حەزی لە ئارامی و هێمنی وجێگیری و خۆشی بینینە ، وای پـێ باشە کەمترین ماندووبون وتواناکانی بەخەرج بدات و لەسەریەشەو بەدبەختی بەدور بێت و هیچ شتێک باری دەرونی و میزاجی تێک نەدەن . کەمن ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا حەزیان بە نائارامی وبەدبەختی بێت ، ئەگەر هەشبن دەگمەنن و رەنگە زۆرجار ناتەندروست و دەرون نەخۆش بن ، یا ڕەنگە لە لەسەفەری گەڕان بەشوێن بەختەوەریدا توشی نائومێدی ودڵەڕاوکێ و نائارامی هاتبن و هێشتا سەفەرەکەیان نەگەیشتبێتە مەنزڵ .

رەنگە توێژینەوەو باسکردن لە بەختەوەری یەکێک بێت لە ئاڵۆزترین بابەتە مرۆییەکان ، باسەکانی گەلێک ورد و پرژاو و تێک ئاڵاون و کەم دەچنە نێو ڕێساکانی گشتاندنەوە ،چونکە لەسەرێکەوە بارودۆخ و دەرونی مرۆڤـەکان زۆر لێک جیاوازن و دەگمەن ڕێک دەکەوێت دوو کەس کتو مت لە هەموو بارێکیاندا لەیەک بچن و جێکەوتەی رووداوەکان لەسەریان هاوشێوە بێت ، لەسەرێکی تریشەوە تەنانەت گۆڕان و تێپەڕبونی سەردەمەکانیش کاریگەری لەسەر تاکی مرۆڤـەکان هەیەو ئەستەمە یەکێک چەندین ساڵەی ژیانی وقۆناغەکانی تەمەنی لەسەر هەمان دید و تێگەیشتن و حاڵەتی دەرونی گوزەر بکات و گۆڕانی بەسەردا نەیەت .

بۆیە رەنگە رەچەتەی بەختەوەربون بۆ هەریەکێک لەوی تر جیاواز بێت و هێندەی خەڵکەکان ڕێگەو شێوازی بەختەوەربون هەبێت ، لـێ بەومانا و سیفەتەی هەموو مرۆڤێن هەندێک ماناو مەبەست و کاری هاوبەش هەر دەمێنێت و هەندێ ڕێسا و باو هەن کەسـی لـێ بەدەر نابێت . رەنگە کۆمەڵە کەسانێک بە حوکمە ژیان و پێکەوە بون و هاورۆشنبیری و فیکری حەزو ئارەزوی هاوبەشیان بۆ دروست ببێت و رووداوەکان کاریگەری نزیک لەیەکیان لەلا بەجـێ بهێڵێت . ئەگەرچی دیاردە و مەسەلە سەرئێشەهێنەر و بێزارکەرەکان جیاوازو جۆراوجۆرن ، رەنگە لای زۆربەی خەڵک هەموویان مایەی سەریەشەو بەدبەختی ودڵەراوکـێ بن .

لەبەرئەوە بۆ لێکۆڵینەوەو بەرڕۆشنایی خستنی بەختەوەری و چەمک و ماناو مەیدان و ڕێگرەکانی ، پێویستە پێداویستی ومەرجەکانی لە سەردەم و زروفەکاندا بەوپەڕی ئاشکرایی وراستگۆیی و واقیعی یەوە بەرچاو بخرێن و لە زیادەڕەوی یا شکاندن و پەرتکردن بپارێزرێت .

بەختەوەری چەمکێکی ئاڵۆزەو نهێنی پەیوەندی نێوان مرۆڤـ وشتەکانی دەوروبەریەتی ، زۆرجار بەپێی کورتی تەمەن و سنورداری توانا و لێهاتنەکانی هەرچەند هەڵگری چەمک و ئامرازەکانی شیکاری و لێکدانەوە بێت سەری سوڕ دەمێنێت و سەری داوەکانی لـێ ون

دەبێت و ناتوانێت بەتەواوی پێکیانەوە گرێ بداتەوە ، نازانێت لەم ژیانەدا بە وردی چی دەوێت و دەیەوێت چی بکات ، داواکاری و خولیاکانی لەکاتی بەیدەست بوندا دڵخۆشی و ئارامی یەکی کاتی دەدەنێ و بەڵام دور نی یە پاش ماوەیەکی کەم هەرخۆیان ببنەوە مایەی دڵەڕاوکێ و بەدبەخت بون .

بۆ چنگخستنی بەختەوەری تەنها زانین و تێگەیشتن لەبارەیەوە وەک چەمکێکی مۆریی بەس نی یە ، ئەگەر وابوایە دەبوو لەپاش ئەو هەموو توێژینەوەو نوسین و شیکاری یە زۆرانەی لەم سەر زەمینە کراون و نوسراون ئێستا تاکە بەدبەختێکیش نەمایە لە ژیاندا ، لێ عەقڵکاری و دانایی لە چاکسازی ژیانی کەسایەتی و رۆژانەو جۆری بڕیارو شێوازی مامەڵەدا رۆڵێکی گەورەی هەیە .

رەنگە کەمێک لە دانایی لەپاڵ کەمێک شارەزایی و لێزانیندا سودو بەهرەمەندی گەورە بەمرۆڤ بگەیەنن ، پێچەوانەکەشی هەروایە ، زۆری زانست وکەللەپڕبون لەگەڵ کەمی داناییداجێکەوتەکانی زۆر کەم و بچوک دەبن . چەند زاناو فەیلەسوفی بەدبەخت و نائارام لە مێژودا هەبون و لەگەڵ کەشکۆڵی پڕ لە زانیاری و لێکدانەوەشیاندا بۆ ساتێکیش تامی بەختەوەریان نەکردوە .

لەوانەیە زۆرجار سروشتی بەختەوەری لەبەر لێکچونی روکاری لەگەڵ خۆشی یە کاتی و تەزوەچێژە تێپەڕەکان یا لەگەڵ لەخۆرازیبون و ئاستی مەعیشەتی بەرزدا جێگۆڕکێ بکەن و تێکەڵ بەیەک ببن ، بۆیە پێویستە زۆر بەشێنەیی لەیەک جودا بکرێنەوەو هەریەکەیان بەقەوارەی خۆیەوە نمایش بکرێتەوە .

مرۆڤ بەسروشتی خۆی و لەپێناو مانەوە بەردەوامبونی لە ژیاندا کۆمەڵێک حەزو غەریزە دەبزوێنێت و هەڵوێستی لا دەخەملێنێت ، لێ ئەگەر یاساو نەزمێک ئەم ئارەزوانە نەخاتە چوارچێوەی ئاسایش وسودی گشتی یەوە ئەوا جۆرەها ستەم و پلیشانەوە لە دوای خۆیانەوە جێ دەهێڵن ونائارامی دەنێنەوە و هەرگیز کۆتاییشیان پێ نایەت ، مەگەر پیری و پەککەوتەیی و نەخۆشی یەکی ئەستۆگر یا پێنەمان و دەسەوسانی بیان وەستێنێت . لەباری واشدا نەک تەنها بەدبەختی بەناو خەڵکدا بڵاوە پێ دەکەن ، بەڵکو وەک خۆرە دەچنەوە گیانی خاوەنەکانیان و ئۆقرە لەوانیش هەڵدەگرن .

بۆ نمونە : خواردن یەکێکە لە پێداویستی یەکانی مانەوەی مرۆڤ ، هەموو کەس حەزی لێیەتی و لەکاتی خواردنی شتێکدا هەست بەچێژ دەکات ، بەڵام هەرکە خواردنەکە لە قوڕگی چوە خوارەوەو تێربوو ئیتر چێژەکە کۆتایی پێ دێت ، ماوەیەکی دەوێت تا مرۆڤ برسی دەبێتەوەو چێژەکە جارێکی تر زیندو دەبێتەوە. کەواتە چێژ سروشتی کاتی و تێپەڕی هەیەو کاریگەری تەنها لەکاتی سەرقاڵبون پێوەی دەردەکەوێت و درێژ خایەن نی یە ، ئەمەش جیاوازی یەکی بنەڕەتی نێوان چێژ و بەختەوەری یە ، چێژ لەگەڵ تەواو بونیدا کۆتایی پێ دێت و دەچێتە خانەی یادگاری و بیرەوەریە جوانەکانەوە . ئەو کەسەی زۆری حەز لە خواردنە ئەگەر لە تواناو ئاستی خۆی زیاتر بخوات یا شتێکی زیانبەخش بخوات دوچاری ئازارو نەخۆشی دێت با لە ساتی خواردنەکەشدا چێژ ببینێت ، بۆیە ئەگەر گوێی لە ژیریی و دانایی خۆی بێت هەر لەو کاتی چێژ بینینەدا لە ناخەوە پێی دەڵێت کە دەست هەڵبگرێت و واز بهێنێت ، چونکە باجی ئەم چێژە کاتی یە زۆر لەسەر جەستەو تەمەنی دەکەوێت .

کەواتە هەموو چێژێک بەختەوەری نی یە ، هەرچەند روکارێکی بەختەوەری چێژ بینینە ، بەڵام هەموو بەختەوەری لەسەر چێژ بەند نی یە . رەنگە کاتێک یەکێک لە پێناو دەستگیرۆیی کەم توانایەک یا یارمەتی دانی هەژارێکدا ماندوو بێت بەختەوەری یەکی گەورە دایبگرێت ، لە خۆشیدا ئەو یارمەتی دان و دەستگیرۆییە بە مانا جەستەیی و ئابوری یەکەی چێژ و خۆشی نی یە ، زۆر جار بوە خەڵکی لە سات و حاڵەتی کارە ناوازەو نارەحەت و قوربانی دانە گەورەکاندا ژێر فشارو نارەحەتی زۆر گەورە کەوتوون و لەهەمان کاتیشدا فرمێسکی بەختەوەری و دڵخۆشی بە رویاندا هاتۆتە خوارەوە . جاری وا هەیە لەسەر نانخواردن گفتوگۆو موجامەلەیەکی هێندە خۆش دەگوزەرێت لە چێژی خواردنەکە گەورەترە و ئامادەبوان هەر بیری نان خواردن و چێژی خواردنیان نامێنێت ، جاری واش

هەیە قسەو گفتوگۆکان بە ئاستێکی ئەوەندە خراپ و دژواردا دەڕۆن ، دەنگە دەنگ و لێک تورەبون هەموو چێژی خواردنەکە دەکوژن با خواردنەکەش زۆر بەتام و رەنگاورەنگ بێت .

چێژ کورت و کەم خایەنە و بەختەوەری بەردەوام و گشتگیرو درێژخایەنە ، هەندێک کەس هەن تەنها بە چرنوکە چێژەکان لە ژیان و رۆژگار خۆیان رازی دەکەن و لێیان دەبێتە بەختەوەری و هەموو تواناکانیان بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکەن و گوێیان لە زیانەکانی ئایینده نی یە ، کوڕی ئەو ساتەن کە تێیدا دەژین و پێیان وایە ئەگەر ئەمڕۆ هەموو داواکاری و چێژەکانیان وەڵام بدرێتەوە هیچ گرنگ نی یە سبەینێ چی لـێ سەوز دەبێت . بەڵام رێساکانی بەختەوەربون وا ناڵێن ، بەڵکو وەڵامدانەوەی چێژەکان دەبێت لە پێناو ئارامی و بەردەوامی دا بن و سنورەکانیان رێک بخرێن و کات و قەوارەکانیان بە گونجاوی بمێننەوە .

چێژەکان سروشتی ئاویان هەیە ، ئەگەر کارتێکەری دانایی و عەقڵکاری یان لەسەر نەبێت بەرەو نزمی وداچوون دەڕۆن و، لە خۆوە بەرەو بەرزی هەڵنازنێن ، مرۆڤـ بەرەو بەدی هێنان و چنگ خستن دەبزوێنن و چاوی لە ئاست بەربەست و سەرەنجامە دورەکاندا نابینا و کەم حوکم دەکەن ، هەر خۆیان دەبنەوە قەیران وکارەسات و هەزاران کەسانی تر بە ئیعتیباراتی جیاواز دەکەنە قوربانی هەرەس و لێشاوی بەرلێنەگیراویان . ئەو حاڵەتانەی چێژ زاڵ دەبێت و ئاکاری مرۆڤـەکان داگیر دەکات ئیتر مانا بۆ چەمکە ئاینی و ئەخلاقی و مرۆییەکان نامێنێتەوە و، ئادەمیزاد بەرگە مرۆییەکەی لـێ دادەماڵرێت و وەک درِندەو ئاژەڵێکی برسی و تێکشکێنەر دەکەوێتە گۆڕەپانەکەو ژیانیش دەبێتە ئەو دارستانەی بەهێزەکان بـێ هێزەکانی تێدا دەخۆن .

هەندێک جار بەختەوەری لای خەڵک تێکەڵ بە هەستی لەخۆرازی بون دەبێت و ، تەزویەک لە خۆشی و دڵفراوانی بۆ کەسەکە دەهێنێت ، بەڵام بەردەوام و گشتگیر نی یە ،چونکە ئەم هەستە لە خۆیدا هەستێکی بەراورد خوازی یە و تەنها لەو ساتانەدا دەردەکەوێت کە یەکێک لەچاو دەوروبەرو هاوڕێکانیدا هەست بە سەرکەوتن و باڵابون و چوستی دەکات ... بۆ نمونە کە پزیشکێک یەکێک لە هاوڕێ یانی سەردەمی قوتابیەتی خۆی دەبینێتەوە خەریکی کرێکاری یە جۆرێک لە خۆرازی بون و خۆشی لا دروست دەبێت ، چونکە پلەو پایەیەکی بەدەست هێناوەو ئێستا وەک هاوڕێکەی کرێکار نی یە . ئەم حاڵەتەش ئەگەر دانایی و هاوسەنگی لەگەڵ نەبێت بەردەوام نابێت ، چونکە ئەم بەراوردە پرۆسەیەکی عەقڵی روتەو بەدەرکەوتنی حاڵەتێکی بەرزتر لەخۆی ون دەبێت و دەبێتە هەستی خۆبەکەم زانین و ناخۆشی . بیریارو زاناو لێکۆڵەران زۆریان لەسەر پێناسەو حاڵەتی بەختەوەری وتووە وەک باسێکی گەورەو پەیوەستتدار هەریەک لە مەیدانی خۆیدا ئەسپی خۆی تێدا تاو داوە .

یەکێکیان دەڵێت : بەختەوەری راستەقینە خۆشویستنی خەڵک و دڵخۆشبونە بە خۆشی یەکانیان و ، بەختەوەریش ئەو کەسەیە کە سەرکەوتن وخۆشی و سەلامەتی خەڵک خۆشی دەخەنە دڵیەوە ، خەڵکانی دەوروبەر زۆرن و بۆنەی جیاوازو هەمەچەشنی خۆشی هێنیان هەیە و ئەم کەسەش بەو هۆیەوە هەمیشە هەست بە خۆشی و دڵفراوانی دەکات چونکە سەرچاوەکانی خۆشی هێنان بۆی بەردەوام ئامادەن . ئەم پێناسەیە ئەگەرچی ناسک و دڵگیرە بەڵام بۆشاییەکی گەورەی تێدایە ، ئەویش ئەوەیە : ئایا ئەو کەسەی نەخۆشی یەکی جەستەیی توند یا هەژاری یەکی سەخت یا بـێ دەسەڵاتی یەکی گەورە روی تـێ دەکات چۆن دەتوانێت بەو ئاسانی یە بەسەر ئەو بارەدا باز بداتو خۆشی یەکانی خەڵک ئازارو ناخۆشی یەکانی خۆی لە بیر بەرنەوەو بەختەوەر بێت .

یەکێکی تر تەواو پێچەوانەی ئەمەیە و دەڵێت : دڵە گەورەکان هەرگیز بەختەوەر نین ، کەم و کوڕی وئازارو نارەحەتی خەڵک ناهێڵێت بەختەوەر بن . بەختەوەری بەشی ئەو مرۆڤـە خۆپەرستانەیە کە گوێ یان لەکەس و دونیا نی یە چی لـێ بەسەر دێت ، یا ئەوەندە بـێ ئاگان نازانن چی لە دەوریان دەگوزەرێت و خەڵکی لە چ بارێکدا دەژین .

ئەگەر ئەمەش تەواو راست بوایە : دەبو ئەو کەسانەی لاکەوتەو گۆشەگیرن و حەز بە تێکەڵی وکێشەی خەڵک ناکەن بەختەوەر بونایە و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکیان نەبوایە ... دیارە تەنها دەست بەکلاوەوە گرتن بەس نی یە بۆ ئەوەی با نەیبا ، چونکە لەکاتی توندبونی بایەکەدا کلاوو خاوە کلاویش دەبات و ئەگەر بەختەوەری و خۆشی یەکیش هەبوبێت تێک دەچێت و نامێنێت .

یەکێکی سێ یەم دەڵێت : تەنها نەزان و بێ عەقڵەکان بەختەورن و شێتی ئەو پەڕی بەختەوەری یە ، چونکە مرۆڤـە عاقڵەکان زۆر لە بۆشایی و ناتەباییەکانی نێوان رەگەزەکانی ژیان هەست پێ دەکەن و بەهۆیانەوە بەختەوەریان تێک دەچێت ، هەر بۆیە تا لە نەزانی و بێ ئاگاییەوە نزیک بیت لە بەختەوەری یەوە نزیکیت !.

هەرچەندە ئەمە لە روکاردا کەمێک راستی تێدایە ، بەڵام کێ دەتوانێت نکوڵی ئەو خۆشی یە گەورەیە بکات کە زاناو فەیلەسوف و بیریاران هەستی پێ دەکەن لە کاتی دۆزینەوەی نهێنی یەکی نوێدا . هەر بۆیە هەندێک لەو بیریارانە لایان وایە کە بەختەوەری راستەقینە لە جوانی بیرکردنەوەو دۆزینەوەی نهێنی وحیکمەتەکانی خوای گەورەدایە لە دروستکراوەکانیدا . دەڵێن لەسەر مەرگدا لە خوارزمیان پرسی : ئێستا زۆر حەزت لە چی یە ؟ لە وەڵامدا وتی : موتاڵای کتێبێکی بەسوود .

هەندێکی تر لایان وایە بەختەوەری یا بەدبەختی پەیوەندی بە دیدو تێگەیشتنی ئێمەوە هەیە لەمەڕ روداوەکان ، خۆمان دەتوانین بە چۆنیەتی مامەڵەمان لەگەڵیاندا مۆری دڵخۆشبون یا نارەحەتیان لێ بدەین . ئەمەش مانای ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرە ـ درودی خوای لەسەر ـ کە دەفەرموێت : کاری باوەڕدارم بەلاوە سەیرە ،ئەگەر خۆشی توش هات سوپاسی خوای لەسەر دەکات ، خێری چنگ دەکەوێت و ئەگەر ناخۆشی بەسەرهات ئارام دەگرێت ، دوبارە هەر خێری چنگ دەکەوێت ، ئەمەش تەنها بۆ باوەڕدارە .

هەندێک کەسی تر لەسەر بەختەوەری شتی تر دەڵێن :بەختەوەری تارمایی شتێکە کە بۆی تامەزرۆیت و راوی دەنێیت ، هەر کە چنگکت کەوت تامی نامێنێت و لێی بێزار دەبیت و تارمایی شتێکی تر کە نیتە خۆیت بۆ نمایش دەکات . واتە بەختەوەری خودی گەڕان و عەودالْ بونەکە یە نەک چێژ لـێبینی راستەقینەو گەیشتن بەدوا مەنزڵ . هەرچەندە ئەم دیدە لە راستی یەوە زۆر دور نی یە بەڵام ناگونجێت بگشتێنرێت بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا و ببێتە رێسایەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنی بەختەوەریدا ، چونکە هەندێک مەسەلە هەن تام و چێژیان بەردەوامەو مرۆڤـ لێیان بێزار نابێت .

هەندێک لە دانایانی تر لایان وایە بەختەوەری لەو ساتانەدا بۆ مرۆڤـ دروست دەبێت کە هەست دەکات ئەوەی کردویەتی و دەیکات تەواو ئەوەیە کە بڕوای پێیەتی ویستویەتی و لە ناخی خۆیدا سەرڕاست و یەک رەوە ، بەم پێیە بەختەوەری دڵنیابونە لە خودکۆنترۆڵکردن و باشیەتی ئێستاو ئاییندە .ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەن و گرانە ، چونکە ئاسان نی یە مرۆڤـ هەموو وتارو کردارەکانی هاو ئاراستە بن و هەرگیز پێچەوانەو دژییان تێنەکەوێت، چونکە ئەم سیفەتە واتە بـی گوناهی ـ عصمەت ـ کە تەنها پلەو پایەی پێغەمبەرانە ـ سەلامی خوایان لـێ بێت ـ ، هەندێ جار هەڵەکان لە بینین و لێکدانەوەی هەڵەی مرۆڤـەوە دێن بۆ روداوو دیاردەکان و مەرج نی یە نیازو مەبەستی خراپیان لە پشتەوەبێت ، بەلاّ م سەرەنجامەکانیان هەر تاڵ و ئازاراوین و کاریگەریان لەسەر کەم کردنەوەی ئاستی بەختەوەری هەیە ، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێک هەمیشە سەری لە بیروڕای راست و دروستەوە دەرچێت ئەگەرکەس نەیەت بەدەمیەوە بیروڕاو تێگەیشتنەکانی لەگەڵ بەش بکەن و خەیاڵەکانی بهێننە واقیعەوە ، لە دەوروبەرو خەڵکانی تر رەشبین و بەدگومان دەبێت و بێزاری و بەدبەختی هێرشی بۆ دەهێنن . زۆربون ئەوانەی خاوەن و هەڵگری بیروڕاو تێگەیشتنی بەرزو پاک بون ، بەڵام سەردەم و دەوروبەر بواری نەداون و هەلی بەجێهێنانیان دەست نەکەوتوە و لەگەڵ خۆیان بە کۆمەڵێک ژان و داخەوە پاکی و بەرزی یەکانیان بردوّتە ژێر خاک .

لەلای هەندێکی تر سەلامەتی جەستەو دوری لە نەخۆشی سەرچاوەی کامەرانی یە و دەگمەنە نەخۆشێک یا کەم توانایەک دڵخۆش وبەختەوەر بێت ، بەڵام بە وردبونەوە ئەوە

دەرکەوتوە کە هەندێک جار مرۆڤـ بە تێپەڕبونی ڕۆژەکان دەتوانێت جۆرێک لە گونجان و ڕاهاتن لەگەڵ بارەناهەموارو نارەحەتی یە جەستەیی ونەخۆشی یەکان پیشان بدات و لە خەمۆکی و بێزاری قوتاری ببێت و ، جاری وا هەبوە کە سەرکەوتنی باش و گەورە لەم ساتانەدا تۆمارکراوە و ئەو حاڵەتە لاوازی یە خۆی بوەتەوە بە ئیلهامی بەختەوری و سەرفرازی بۆ مرۆڤـەکە .

ئەرستۆ لای وایە کە بەختەوەری لە دانیاییدایە و، تەنها زانا و پیتۆڵەکان بەختەوەرن و دەتوانن بەچاوی حەقیقەت بوون وەک خۆی ببینن و مامەڵەی ویژدانی وهاوسەنگی لەگەڵ بکەن ، بەڵاک کاتێک وێنەی ژینامە و سەرەنجامی تاڵ و خۆکوشتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایان و فەیلەسوفان دێتە پاڵ ئەم وتەیە ڕەونەقی نامێنێت و چەندین نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمانی بەرودا قوت دەکەنەوە ، کەم نین ئەو زاناو دانایانەی چەندین شێوازو هۆکاری ناوازەو سەیریان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی نائارامی و چارەڕەشی خۆیان .

بەکۆکردنەوەو سەرنجدانی ئەو بیروڕاو تێگەیشتنانەی پێشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە بەختەوەری هێندەی پەیوەندی بە هەست و هۆشی خودی مرۆڤـەکانەوە هەیە ئەوەندی پەیوەندی بە هۆکارە بابەتی یەکانەوە نی یە ، واتە بەختەوەری بەدەوڵەمەندی و ناوبانگ و تەندروستی و زانایی و نەزانی و خەباتگێڕی و خۆبەخشی یەوە نی یە ، بەڵکو بڕیاری ناخی مرۆڤـەکە خۆیەتی ، خۆی دەتوانێت دەستنیشانی بکات لەو حاڵەتەدا ئەو بەختەوەرە یان نا .

ئەگەر بڕیاری داو هەستی کرد بەختەوەرە ئیدەی هۆکارو دیاردە دەوروبەرەکان بچوک دەبنەوەو کاریگەرییان نامێنێت و بەرەو چەسپاندنی بەختەوەری ئاراستە دەبن . ئەگەر لەناخی مرۆڤـێکدا بەختەوەری ڕواو گەورە بوو ئیتر هۆکارەکانی ئەو حاڵەتە گرنگ نین و، زۆر جار ڕەنگە لێکۆڵینەوە لەو هۆکارانە خودی بەختەوەری یەکە بشێوێنێت .

بەختەوەری دڵنیابون و ئارامی وشادبون و ڕوکردنە ژیان و چێژ بینینە لێی ، هەرکەس ئەم هەستەی بۆ دروست بوو بەختەوەر دەبێت ، ئیتر دەوروبەرەکەی هەرچۆن بێت گرنگ نی یە . ئەگەر یەکێک هەستی بە بەختەوەری کردو وتی بەحاڵی خۆم بەختەوەرو کامەرانم کەس ناتوانێت بڵێت وا نی یە و هۆکارە بابەتی یەکان بکاتە بەڵگە لەسەر ڕەتکردنەوەی وتەکانی . ئەمەش بەوردی و پوختە کاری پزیشکە دەرونی و چاککارە کۆمەڵایەتی یەکانە و دەیانەوێت نەخۆشەکانیان قەناعەت پـێ بکەن کە ئەوان بەدبەخت و چارەش نین و هێشتا دونیا تەواو نەبوەو و هەڵەیە ئەوان خۆیان بە نائومێدی بسپێرن ، زۆر جار ئەم هەوڵانە بەبـێ دەسکاری هۆکارە بابەتی یەکان یا بە دەسکاری یەکی زۆر کەمیان مرۆڤـەکە لەو ئازارو نارەحەتی یە قوتار دەکەن و دەیخەنە جۆرێک لە بەختەوەری یەوە .

بەختەوەری بەو هەموو ئاڵۆزیانەوە لە هەندێک حاڵەت و شتی واقیعی و هەندێکی تری خەیاڵی و هەست پێنەکراو پێک دێت ، هەموویان بە گشتی وپێکەوە . ئەگەر کەسێک لای وابوو بەختەوەرە لێی تێک نەدرێت باشە . پێناسەی تەواوی بەختەوەری وەک پێناسەی ئەو کۆمەڵە نابینایە وایە کە دەستیان لە جەستەی فیلێک دابوو دەیانویست پێناسەی بکەن ، بۆیە هەریەک بە شێوازێکی جیاواز لەوی دی پێناسەو وەسفەکەی دەخەملاند . ئەگەرچی وتەکانی هیچ کامیان بەتەنـێ وێنەی فیلەکەی لـێ پێک نەدەهات بەڵام هەریەکەیان بۆ بەشەکەی خۆی تەواو بو . بەم جۆرەش ئەو بیروڕایانەی دەربارەی بەختەوەری وتران هەریەکەیان لە گۆشەنیگاو کەناری بێژەرەکانیانەوە تەواون و ، ناتەواوی ئەو کاتە ڕودەدات کە وتاوەکانی تر ڕەتبکرێنەوەو هەموو پێناسەکە تەنها لە یەکێکیاندا قەتیس بکرێتەوەو ئەوانی دی ڕەتبکرێنەوە .

بۆ نزیکترکردنەوەی وێنای تەواوی بەختەوەری ئەم دوو تێبینی یە سود مەندن :

یەکەم : مرۆڤـ واباشە بەختەوەری نەکاتە ئامانجی ئەو شتە دیاریکراوانەی هەوڵیان بۆ دەدات ، واتە هەڵەیە ئەگەر بەختەوەری لە تاقە هیواو ئاوات یا سەرەنجامی تەنها کارێکدا زیندانی بکرێت ، بەڵکو دەبێت هەموو ژیانی بەو فراوانی یە بۆ وەگەڕ بخرێت . ئەگەر بەختەوەری لە مەبەستێکی دیاریکراودا چڕ کرایەوە ئەوا ژیان دەبێتە سەفەرێکی بەردەوام لە نێوان لە کۆمەڵە دورگەیەکی وەهمی دا کە هەریەکەیان ناوی بەختەوەری یە و ، ئەویش

هیچیان نی یە ، مرۆڤ هەر بەگەیشتنی بەیەکێکیان بیرۆکەو حەزی جێهێشتن و بینینی دورگەیەکی تری لا دروست دەبێت . کە بەختەوەری لە لایەنێک یا دیاردەیەکی ژیاندا کۆبکرێتەوە ، ئیتر دەبێتە ئەو نێچیرە دورەدەستەی راوچی کە هەرگیز پێی ناگات و هەمیشە بە دواوەیەتی . لە حاڵەتی وادا ژیان خۆی دەبێتە دوو بەش ، بەشی یەکەم هەمووی حەزو عەوداڵی و تامەزۆریی  شتە نەبینراوو سەیرو چاوەڕواننەکراوەکانی بەشی دوەم و ، بەشی دوەمیش سەرتاپا دەبێتە خەفەت و فرمێسک رشتن بەسەر شتە لەدەستچوەکانی بەشی یەکەمدا . هەروەک گەنجی و پیری ، زگوردی و خێزانداری و...هتد ، یا وەک دەڵێن زۆرجار منداڵەکان حەز دەکەن زوو گەورە ببن و منداڵی بەجێ بهێڵن ، کەچی گەورەکان حەز دەکەن منداڵ ببنەوە . یەکێک لە نوسەران وا خەیاڵ دەکاتەوە و خۆزگەی وایە سەفەرەکەی ژیان سەروبن ببێتەوەو ، ئەو لە هەشتا ساڵیدا لە دایک ببێت و ئەوجا بەرو خوار بۆ گەنجی ومنداڵی و لە بیست ساڵیدا بمرێت ، دەیەوێت لە ئاییندەوە بەرەو رابردوو شۆڕ ببێتەوەو ئیتر ئەوەندە خەفەت بۆ فرسەتە لەدەستچوەکان نەخوات . یەکێکی تر دەڵێت : ئاخر بەختەوەری چی یە ؟ هەرچی پلەو پایەو شتێکم دەویست چنگم کەوتوەو ئێستاش بەرەو بەرزترو قورستر هەنگاو دەنێم ، بەردەوام هیواکانم زۆرترو کارەکانم گرانتر دەبن ، ئەگەر بەدی هاتنی هیواو ئاواتەکان بەختەوەری بن ئەوا کەس لەمن بەختەوەرتر نی یە ، ئەگەر بەختەوەریش حەسانەوەو پشودان و پاڵدانەوە بێت ئەوا کەس لەمن چارە رەش و  بەدبەختتر نی یە .

مادام بەختەوەری بەو جۆرە بزێوو جوڵاوەو نایەتە ژێر کۆنترۆڵی پێناسەوە ، پێویستە چەند رێسایەکی گشتی لە ژیاندا پەیڕەو بکرێت و بەختەوەرییان پـێ بەدی بهێنرێت ، ئیتر ئامانج و هیواکانی ژیان چی بن زۆر گرنگ نی یە ، چونکە خودی پەیوەست بون بەو رێسایانەوە بەختەوەری یەکە دەهێنن نەک ئامانجەکان . بەمانایەکی دی بەختەوەری شێوازێکی ژیانە نەک حاڵەت و مەنزڵێکی تایبەت تێیدا .

دوەم : ئەستەمە بە تەنها هیچ رەگەزێکی ژیان هەموو بەختەوەری بۆ مرۆڤ بەدی بهێنێت ، چونکە وەک وترا بەختەوەری تەونێکی ئاڵۆزو تێکچرژاوی زۆرێک لەرەگەزەکانی ژیانە . جەستەو لەش ولاری تەندروست و ساغ یا خێزانی باش و رێک و پێک یاسامان و پارەی زۆر یا ناوبانگی ئاشکراو دیار یا کاری بەرهەم هێن و بەسود یا سەرکەوتنی گەورە هیچیان بەتەنها بۆخۆیان نابنە بەختەوەری ، بەڵکو بەختەوەری لەهەموویان شتێک و روکارێک دەخوازێت و بونیادی خۆی پـێ هەڵدەسێنێت .

هەرچەندە گران نارەحەتە قەناعەت بەکەسێک بکەیت کە بەختەوەری خۆی بەشتێکی دیاریکراوەوە هەڵواسیوە و هەموو هەوڵ و ژیانی بۆ تەرخان کردوە کە هەموو بەختەوەری لەو شتەدا نی یە ، دور نی یە لەپاش دەستخستن و گەیشتن بەو شتە خۆی ببێتەوە بە سەرچاوەی بێزاری بەدبەختی و خەون و هیواکانی تری تێک بدات ، بەڵام گفتوگۆی لەسەر خۆو هێمنانەی رێزدار بەم ئاراستەیە خراپ نی یە .

ئەفسانەیەک وا دەگێڕێتەوە کە پیاوێک وای دەزانی هەموو بەختەوەری لە دەوڵەمەندی دایە ، هەرچی هەوڵێکیان دەدا ئەو لەم مەسەلەی نەدەهاتە خوارەوە ،  جارێک پێیان وت ئەوا خوای گەورە پەیمانی پـێ داوی دوو نزات بەتەواوی وەک خۆی لـێ وەربگرێت ، چی داوا دەکەیت . کابرا یەکسەر وتی : خوایە گیان نزای یەکەمم ئەوەیە دەستم بۆ هەرچی برد ببێتە ئاڵتون . کابرا کەوتە پەل هایشتن و دەستی دەگەیشتە هەر شتێک تێکڕا دەبوە ئاڵتون ، بەیانی لەخەو هەڵساو دەیوست شتێک بخوات ، هەر کە دەستی برد بۆ قاپ و پەرداخ و نان و ئاوەکەی بەردەمی هەموویان بونە ئاڵتون ، ئەویش بەدیاریانەوە بە برسیەتی و تینویەتی دۆش داما ، لەم کاتەدا کچە بچکۆلەکەی هاتە ژورەکەوەو ویستی کەمێک یاری لەگەڵ بکات برسێتی یەکەی لەبیر بچێتەوە بەڵام لەگەڵ باوەش پێدا کردنی بوە پەیکەرێکی ئاڵتونی بـێ گیان و هەست لەبەردەم کابرادا نوتقەی لـێ برا . ئیتر بەمە کابرا تەواو هەراسان بوو پەنای بردە بەر نزای دوەمی و وتی :خوایە گیان با هەموو شتەکان وەک خۆیان لـێ بێتەوەو بچنەوە دۆخی جارانیان . لەوێدا کابرا زانی کە پارچە

نانێك و قومە ئاوێك لەكاتی برسیەتی تینویەتیدا لەهەموو ئاڵتونی جیهان بەنرخترن ، باوەشكردنێكی باوكانە بە منداڵەكانیدا لەباوەشكردن بەهەموو زێڕی دونیا بەچێژو تامترن .

پارەو سامان ئەوەندە خۆش و بەسودن تا پێداویستی و كەموكوڕی یەكانی مرۆڤـ تەواو دەبن ، ئیتر لەپاش ئەوە دەبنە زیادەو تامیان نامێنێت ، زۆرجار ئەوان دەبنە خاوەن و نرخی مرۆڤـەكەو لە پاراستن و گەورەكردن و هەڵاوسانی خۆیاندا زیندانی دەكەن و ناهێڵن بۆ ساتێكیش تامی بەختەوەری بكات ، كەپارە زۆر دەبێت ئیتر مرۆڤـ پەیوەندی یەكانی لەتەكیدا دەبێتە پەیوەندی بە ژمارەكانەوە ، داخۆ چەند هاتوەو چەند دەرچوە ، دەنا چێژی وەك پارە نامێنێت ، بۆیە گرنگە مرۆڤـ لە هەڵمەتی پارەپەیداكردندا ئەو شتانەی لەكیس نەچن كە بەپارە پەیدا نابن و لە كڕین نایەن .

جاری وا هەیە مرۆڤـ لای وا دەبێت كە سەركەوتن و پلەی یەكەم بەدەست هێنان و ناوبانگ پەیداكردن بە تەنها بەسن بۆ بەختەوەر بوون ، ئیتر هەموو ژیانی لەهەوڵ و راهێنان و توانا خەرجكردندا بۆ ئەو پلەو سەركەوتنە دادەنێت ، سا بەڵكو هەرچیەكی كردوە ژمارەیەكی جیهانی تازە تۆمار بكات . بە تایبەتی ئەو هەموو وەسفو سەنایەی لەبەرچاوە كە بۆ پلەیەكەمەكان ئەنجام دەدرێت و، چۆن بە راست و درۆ بە باڵایاندا هەڵدەردێت . بەڵام كاتێك دەگەنە ئەو ئاستانە ئەگەر لەناخی خۆیان و لەگەڵ خۆیاندا ئاوا بەرزو باڵند وپلەیەك نەبن ، دڵخۆشی یەكەیان زۆر كەم و كورت خایەن دەبێت ... چونكە هەر كەسێك لە زۆر لەخەڵك زیاتر خۆی دەناسێت و وەسفەكان بۆ ئەو تازە نین ، كاتێك دەبینێت خۆی لە ئاستی وەسفو سەنای خەڵكیدا نی یە ، جۆرێك لە رق لە خۆبونەوەوبێزاری و خۆبەكەم زانین روی تێ دەكات و هەست بەوە دەكات كە خەڵكی خەڵەتاندوە .

ئەوە تەنها گێل و نەزانەكانن بەختەوەری خۆیان لەسەر وەسف و سەنای خەڵكی بونیاد دەنێن ، جا یا نرخ و ئاستی خۆیان نازانن و خۆیان لێ ون بوە ، یا هەست دەكەن شتێكیان چنگ كەوتوە كە شایەنی نین و پێوەی ماندوو نەبون ... بۆیە بەختەوەری یەكەیان بەو مەسەلەیە كاتی یەو پچڕاوە .

زۆرجار ناوبانگ و شۆرەت كۆت و زنجیرن و دەچنە ملی خاوەنەكانیان ، زنجیرو كۆت ئاڵتون و زیو بێت یا ئاسن و پۆڵا هەر ئازادی مرۆڤـ داگیر دەكەن و چێژی ئازادی ناهێڵن و رێی لەو كەسە دەگرن بە ویست و حەزی خۆی هەڵسو كەت و مامەڵە بكات . كەسی بەناوبانگ بە زنجیری جەماوەرەكەی كۆت و بەندكراوەو ناتوانێت چی و چۆنی پێخۆشە وابكات و، زۆرێك لە سادەیی و هێمنی و تەنیایی لێ سەندراوەتەوەو حەزو تێڕوانینی خەڵكی سنورەكانیان لێ تەسك كردۆتەوەو كەمترین لادانی لێ قبوڵ ناكەن .

ناوبانگ و شۆرەت دەكرێت ببنە بەشێك لە بەختەوەری و رێزو پارەو سامان بەدوای خۆیاندا بهێنن ، بەمەرجێك سیفاتی تری رەوشتی و دەرونی لە پاڵیدا بن وەك دادپەروەری و بەسۆزی و خۆبەكەم زانین . گرنگە كەسی سەركەتوو لە كاروانی سەركەوتن و دەركەوتنیدا زوڵم و ستەم و فێڵی لە خەڵكانی تر نەكردبێت ، بە درۆو خەڵەتاندن و دزی وجەردەیی و رێبڕین نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە ، چونكە ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوا تەنها لای خەڵك و لەڕوكاری دەرەوەیدا گەورەو سەركەوتوە ، دەنا لەناخەوە لە ترسێكی هەمیشەیی ئاشكرابون و هاتنەخوارەوەو لەدەست چونی ئەو بەرزی و پلەپایەیەدا دەژی و چێژی راستەقینەی لێ وەرناگرێت .

بۆ ئەوەی سەركەوتن ببێتە بەختەوەری پێویستە بەرگی رەوشت لەبەر بكات و ببێتە یارمەتی و كۆمەك بۆ كەم دەست و لاوازەكان و لای خاوەنەكەشی قوڵیەكی گیانی دروست بكات و دڵفراوانی و بەخشندەیی لا بەرهەم بهێنێت ، نەك ببێتە چەقی خۆپەرستی و لەدورەوە سەیری خەڵك كردن .

ئەگەر سەركەوتن خۆبەكەمزانین و خاكی بونی لەگەڵ نەبێت لە فیرعەونیەت و لوتبەرزی و لەخۆگۆڕانەوە سەر دەردەهێنێت و ، پەیوەندی یە كۆمەڵایەتی یەكان تێك دەدات و ، رق لێبونەوە حەسودی بردن و هەوڵی روخان وتوندوتیژی زیاد دەكات .

رەنگە هەندێک جار پێناسەی مەسەلەیەک بە پێچەوانەو دژەکەی بکرێت . ئەگەر لەم باسەدا باس لەو هۆکارانە بکرێت کە دڵتەنگی و بەدبەختی دەهێنن ، ئەوا مرۆڤ بە خۆلادان لـێ یان دەتوانێت دڵی خۆش ببێت و هەست بەبەختەوەری بکات . هیچ کەسێک نی یە ئاوات بە بەدبەختی بخوازێت و حەز بکات بکەوێتە ناوی ، بەڵکو لەگەڵ دەرکەوتن و ئاشکرا بونیدا دەیەوێت لێی هەڵێت و خۆی لەهۆکارەکانی دەرباز بکات . لەمەدا دەردەکەوێت کە تواناکانی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی ژیان چەندێک گرنگن ... دەکرێت هەندێک لەو هۆکارانەی بەدبەختی و دڵتەنگی بۆ مرۆڤ دەهێنن وەک خوارەوە باس بکرێن :

یەکەم : نەبون یا دیارنەبونی ئامانجی سەرەکی و ئاشکرا لە ژیاندا :

یەکێک لەو مەسەلە گەورەو نهێنی یە پڕ لە رازانەی لە مێژە مرۆڤـی سەرسام و خولیا کردوە وەڵامێکی قەناعەت هێن و مەعقولە بۆ پرسیاری مەبەست و ئامانج لە ژیان ، زۆرجار خەڵک بیر دەکەنەوەو لە خۆیان دەپرسن مەبەست لە بون ژیانیان چـی یە ؟ ئەوان لەم سەر زەمینەدا خەریکی چین ؟ ئامانجی سەرەکی لەم سەرقاڵی و هیواو ئاواتە تێکچڕژاوو زۆرانە چین ؟

ئەگەر مرۆڤ بەتەنها و بەتواناو وزەکانی خۆیەوە بەگژ ئەو مەسەلەیدا بچێت ، ئەستەمە وەڵامێکی ئارامهێن و جێگیری چنگ بکەوێت ، چونکە عەقڵ و زانینی مرۆڤ هەمیشە بیر لە هۆکارو شێوازی کارکردن و چۆنیەتی و بەربەستەکان و شتە وردەکان دەکاتەوەو ، مەبەست و ئامانجەکان زۆر دەرک پـێ ناکات . هەر بۆ یارمەتی ئەو مەبەستەیە خوای گەورە دەرگا دەکاتەوەو لە رێگەی ئایینەکانەوە بە سرووش تیشک روناکی دەخاتە سەر مەسەلەکەو باس لەوە دەکات مرۆڤ بۆ لەسەر زەوی یەو دەبێت چـی بکات تا بەختەوەر بژی .

لە قورئانی پیرۆزداو لە میانەی چەندین ئایەتەوە ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردوە ، رونی کردۆتەوە کە مەبەست لە کارو هەڵوێستەکانی مرۆڤ لە ژیاندا رازی کردنی خوای گەورەیەو ، ئەوەش لە رێگەی خودپاکژی و خزمەتگوزاری خەڵکەوە دێتە دی . مرۆڤ لە قورئاندا لە میانەی پەرستش و پەیوەندی زیندوی لەگەڵ خودای گەورەدا گیان ودڵ و دەرونی پاکژ دەبێت و لە دیوی ناوەوە لە دیاردە دزێوو ناشیرینەکان پاک دەبێتەوە و ، لە رێی خاکی بون و راستگۆیی و دادپەروەری و خەمخۆری بۆ خەڵک ــ کە هەموویان فەرمان پێکراوو داواکراوی قورئانین ــ دیوە کۆمەڵایەتی یەکەی راست دەبێتەوە ، بەمەش نەک تەنها ژیانی ئێستاو سەرزەمینی بەڵکو ژیانی پاشەرۆژو پاش مردنیشی روناک و گەشاوە دەبێت . ئەم تێگەیشتنە جگە لە کاراکردنی خودی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ چاوو روانگەیەکی گەشبین و دڵخۆشکەری لا دەخوڵقێنن و روانینی بۆ روداوو دیاردەکان دەگۆڕن ، تا ئاستی ئەوەی بەرزو نزمی یەکانی ژیان دڵتەنگی و بێزاریی بەردەوام و قوڵی نادەنـێ ، چونکە حاڵەتی وادا ژیان هەمووی دەبێتە تاقی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی مرۆڤـەکان ، سەرکەوتنیش بە خەباتی بەردەوام و سەرراستی و راستگۆیی دێتە بەرهەم ، ئەمەش نەک تەنها بۆ روکاری دەرەوە ، بەڵکو سەرەتا لەناخ و دڵ و دەروندا ، نەک تەنها لەبەرچاوی خەڵک بەڵکە لە تەنهایی و دورلە فشاری کۆمەڵگە . هەر لەم روانگەیەوەیە لە قورئاندا جەختی گەورە لەسەر نیەت و نیازی پشت کردەوەکان کراوە ، رەنگە هەرچەند کارەکە گەورەو لەبەرچاو بێت ئەگەر لە هەناوی نیازی پاکی و راستگۆییەوە لە دایک نەبوبێت خاوەنەکی نەک پاداشتی لەسەر نادرێتەوە بەڵکو توشی لێپرسینەوە وسزاش دەبێت لەسەری .

هەنگاوی یەکەم لە لابردنی بەدبەختی و بێزاری دا راستکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤـە بەرامبەر بە خودای گەورە ، راستکردنەوەیەکی وا کار لە هەڵوێست و دیدگا و جۆری ژیان بکات و بەو ئاراستە تایبەتەدا پێشەوایی بکات . مرۆڤ لە بەرامبەر خودای گەورەدا خۆی بەکەم و بچوک و هەژار بزانێت و هەست بەوە بکات بەردەوام پێویستی بەو خودایەیەو ، هەموو کەس و شتەکانی دی لە ویست و رێساکانی ئەو لانادەن و مرۆڤ پێویستە

بەرامبەریان جۆرێك لە ئازادی جورئەت پیشان بدات . ئەمەش جێگەیەكی ناوەند بگرێت نەك لاوەكی كەم كاریگەر بێت .

دوەم : رۆتین و بێزاری

ئەو پێشكەوتن و گەشەكردنە خێراو سەیرەی ئەمڕۆ بەسەر ژیان و كاروبارەكاندا هاتوە رەنگە سەد ساڵ لەمەوبەر هەر بە خەیاڵی كەسدا نەهاتبن ، ئەوەتا كاتژمێرەكانی كاركردن كەم بونەتەوەو زۆربەی كارەكان ئامێرە خۆبزوێنەكان بەرێوەی دەبەن و هۆكارەكانی حەوانەو پشودان ئەوەندە زۆرو بەرفراوانن خەریكە مرۆڤ لە ناویاندا ون ببێت ، جۆرەكانی خواردن و خواردنەوەو جلو بەرگ و ژورەكانی نوستن و ئامێرەكانی جوانی ولەش ساغی و تەندروستی پاراستن هەر لە ژمارە نایەن ، كەچی سەرەڕای ئەمانە رۆتینێكی كوشندە سەرتاپای ژیان و شەوو رۆژی ئەو خەڵكەی گرتۆتەوەو ، مرۆڤـەكان هەر لە كاتژمێری تەوقیتكراو دەچن ، رۆژانە بەیانیان لە كاتی دیاریكراوی خۆیاندا لەخەو هەڵدەستن و نانی بەیانی دەخۆن و پاشان دەچنە سەركار و خەڵك بۆ بابەت و مەسەلەی هاوچەشن سەردانیان دەكەن ، لەپاش تەواو بون بەناو قەرەباڵغی یەكی سەرهەڵگردا بەهۆكارەكانی گواستنەوە دەچنەوە ماڵەكانیان و نانێك دەخۆن و كەمێك لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆن رادەمێنن و خەو دەیانباتەوەو ، دەكەونەوە خۆ ئامادەكردن بۆ رۆژێكی تری هاوچەشن ... هەموو رۆژو مانگەكانی ساڵ یەك رەنگ و شێوەن و بە دەگمەن نەبێت گۆڕان رویان تـێ ناكات . ئەمڕۆ هیچی لە دوێنـێ جیاواز نی یە ، بۆیەش بە دڵنیایی یەوە سبەینـێ هیچی تازەی پـێ نی یەو كتو مت كۆپی ئەمڕۆیە ، هیچ مەسەلەیەك نی یە جێگەی دڵخۆشی وچاوەڕوانی بێت ، بۆیە ژیان رۆتینێكی وشك و برنگی بـێ تامە .

لەلایەكی ترەوە ئەم رۆتینە بەتەنها جەوهەری بێزاری و بـێ تاقەتی خەڵك نی یە ! بەڵكو بێزاری ناوبەناو و كورت خایەن هەر سیفەتی مرۆڤـ خۆیەتی ... جار جارە لەسەر بەردەوام بون لەسەر كارێك بێزار دەبێت و هەست دەكات كەمێك پێویستی بە وەستان و پشوو هەیە و ناتوانێت بەهەمان چوستی و كارلێكی بەرزەوە لەسەر جۆرە كارێك بەردەوام بێت ، به تایبەتی لەو ساتانەی هەست دەكات دەوروبەر بەچاوی گرنگ و گەورەییەوە لە كارەكانی ناڕوانن و بە هەڵوێست و زمانیان ئازاری دەدەن ، ئەم جۆرە بێزاری یانە زۆر خراپ و كاریگەر نین ، چونكە كاتین و بەسەر دەچن . بەڵام خراپی بێزاربون لەوەدایە كەببێتە سیفەت لە مرۆڤێكدا و درێژ ببێتەوە بە رۆژگارەكانیدا و پانایی روبەرەكانی ژیانی بگرنەوە . مرۆڤـ دەبێت لەوە تێبگات كە بێزاری یەكێكە لە سیفەتەكانی ژیان ، بۆ زاڵبون بەسەریدا ئارامگرتن و شوڵ درێژی پێویستن ، هەموو كات كارەكان چێژبەخش و خۆشی هێن نین ، بە تایبەتی كاتێك داهێنراوە ماددی یەكان دەوری مرۆڤـ دەگرن و پەنجەرەكانی سروشت و ژیانی خاوی لـێ دادەخەن و ئەوەندەی بۆن و رەنگی مردویان لـێ دەنیشێت ئەوەندە روكاری ژیان نا نوێنن . پێویستە خەڵكی زۆر بە وردی و گرنگی لە مەسەلەی بێزاربون بڕوانن و مامەڵەی بكەن ، چونكە زۆرجار ئەم بێزاری یە پاڵنەری سەرەكی دەستدرێژی و تاوان و خۆكوشتن و مەی خواردنەوەو... هتدن .

چارەسەری بێزاری چۆن دەبێت ؟

یەك : وەك نەخۆشی و حاڵەتێكی نادروست تەماشا بكرێت . باشترین چارەسەریشی خۆخەریككردنە بە كاری بەسودو پڕ ئەنجامەوە ، چونكە بەتاڵی و بێكاری و بۆشایی یەكێكن لە سەرچاوە سەرەكی یەكانی بێزاری و مرۆڤـ بە سروشتی خۆی حەزی لە گۆڕان و تازەگەری و هەژان و موفاجەئاتە .

دوو : زیادكردنی بەهرە جۆراوجۆرەكانی لە ژیاندا ، واتە مرۆڤـ لە یەك تایبەتمەندی و روكاری ژیاندا رۆنەچێت ، بەڵكو هەوڵ بدات تواناو لێهاتن لە شتی جیاوازدا دروست بكات ، چونكە زۆر بەردەوام بون لەسەر كارێكی دیاریكراو هەرچەند بەسودیش بێت هەر بێزاری و رۆتین دروست دەكات . هەندێك كەسی زۆر تایبەتمەند و پسپۆڕ بێزاری یەكەیان لەوەوە دێت كە تەنها لە بوارەكەی خۆیاندا لێزان و خاوەن بەهرەن و لەلایەنەكانی تری ژیاندا دەست و پـێ سپین و سەر لە زۆر شتی سادەو ساكار دەناكەن ، تایبەتمەندی یەكەی خۆشیان بەشی ئەوە ناكات هەموو ژیانیان پڕ بكاتەوە .

سێ : هەوڵدان بۆ داهێنان و دۆزینەوەی شتێك یا كارێك یا شێوازێكی تازە لەناو ژیانی تاكەكەسی یا خێزانی یا شوێنی كاركردندا ، تا جۆرێك لە كتوپڕی و گۆڕان دروست ببێت و رۆتینی پــێ بشكێت .

چوار : هەوڵدان بۆ دەرچون لە خودپەرستی و بەشداری لەو كارە خۆبەخشانەی سود و خۆشی بۆ ژیانی خەڵك دەهێنن ، ئەمە جگە لەوەی پاداشتی خودایی لەسەرە خاوەنەكەی دڵخۆش و ژیانی ئاسودە دەكات .

سێ یەم : نەناسینی سروشتی ژیان

هەركەس لەلای خۆیەوە وێنەیەكی تایبەتی لە ژیان گرتووە لەگۆشە نیگای خۆیەوە لێی تــێ گەیشتوە ، هەڵەكە لەوێدایە ئەگەر لای وابێت ئەوە هەموو ژیانەو پێویستە خەڵكی لەو تابلۆیەی ئەودا جێیان ببێتەوە. ئەوەی راستگۆو دەستپاكە لای وایە هەموو خەڵكی وەك ئەون ، ئەوەی لارو دۆرزنە بەهەمان چاوی درۆو گومانەوە سەیری دەوروبەر دەكات ،ئەوەی لەسەر ژیانی بــێ ماندویی وخۆش راهاتبێت كە بارەكەی لــێ تێك دەچێت زۆر بێزارو دڵگران دەبێت ، هەندێك لەوانەی لە قەیران توندی و زبری و نارەحەتیدا ژیان بەسەر دەبەن هەر كە دەركەی خۆشییان لــێ دەكرێتەوە سەریان لــێ تێك دەچێت و دەست دەوەشێنن .

بەم شێوەیە زۆركەس وێنەو خەونی ئەرخەوانی و خەیاڵاوییان لەبارەی ژیانەوە هەیە و، لاشیان وایە تەنها ئەو خەون و وێنانە سەرەكی ورەسەنن و بەدەر لەوانە ژیان مانای تێدا نی یە ، بۆیە هەر كە خەونەكانیان نایەتە دی دەكەونە گلەیی و گازندەی بەردەوام و وێنەی ژیانیان لا تەڵخ دەبێت و هەموو دیاردەكانی تر دەبنە نامەعقول و قبوڵنەكراو . لەم سۆنگەیەوە كە خوای گەورە لە قورئاندا مرۆڤـ هان دەدات وەك تاقی كردنەوە لە ژیانی دونیا تــێ بگەن ، واتە هەست بكات كە وێنەو نیگاری تریش هەن و ئەم دەتوانێت وێنەی نیگاكانی خۆییان پــێ بەراودر بكات و تاقی بكاتەوە ، تا ئەوەی بۆ دەركەوێت كە وێنەو گۆشە نیگاكە تەواوو پڕاوپڕ نی یە .

ئەو وتەیە تەواوە كە دەڵێت : زانایان نیوەی تەمەنیان لەوەدا سەرفدەكەن لە ژیان تــێ بگەن و بەو تێگەیشتنەوە نیوەكەی تر بەڕێ دەكەن ، بەڵام نەزانەكان لەم سەری ژیانەوە خۆیانی پــێ دا دەكەن و لەو سەرەوە دەردەچن بــێ ئەوەی لە هیچ حاڵی بوبن .

چوارەم : ئێرەیی بردن

ئێرەیی بردن ئاوات خواستنە بەنەمانی خۆشی و نیعمەتەكانی خەڵك و گواستنەوەیانە بۆ خودی ئێرەیی بەرەكە خۆی .ئەم حاڵەتە لە قولایی دەرونی زۆر كەسدا هەیەو زۆرجار لە روكاری ململانێی توند و پێشبڕكێی ناشەریفانەدا خۆی نمایش دەكات ، كەسی ئێرەیی بەر حەز ناكات كەس لەسیفەتە ماددی و مەعنەوی یەكاندا بەسەر یدا زاڵ ببێت و بكەوێتە پێشیەوە . زۆربەی جارەكانیش لە نێوان مرۆڤـ و هاوشێوەكانیدا بە زەقی دەردەكەوێت ، لە نێوان هاورێكان ، ئەندامانی یەك خێزان ، هاوپیشەكان ، دروا‌سێكان ، هاوزمانو نەتەوەكان .

رەنگە سواڵكەرێك ئێرەیی بە ملوێنەرێك نەبات بەڵام بە دڵنیاییەوە لەگەڵ هاوەڵە سواڵكەرەكەی لە سەر جۆرو شێوازی سواڵكردن لە ململانــێ و ئێرەییەكی توندایە . ئێرەیی ئەو تاوانە گەورەیە بوو ئیبلیس لە ئەنجامیدا كۆتی نەفرەتلێبونی كرایە گەردن ، ئەو لە رێزو نەوازش و پلەو پایەدا ئێرەیی بە باوكە ئادەم دەبرد ،پێی ناخۆشبوو كە خوای گەورە لە قوڕ دروستی كردوەو كەچی بەفریشتەكان دەفەرموێت كڕنوشی رێزی بۆ بەرن ، حەزی دەكرد ئەو رێزە لەو بنرێت و خۆی بەشیاوتر دەزانی .

ئێرەیی بردن زۆر لەمێژە لەناو خەڵكدا هەستی پێكراوەو لە زۆر تاف و قۆناغی ژیانی مرۆڤـدا سەرەتاتكــێ دەكات و دەرونی مرۆڤـ ئامادەی وەرگرتنیەتی . منداڵێكی دوساڵانە جاری واهەیە ئێرەیی بە براكەی تری دەبات و لای وایە لە خێزانەكەیدا بەشە خۆشەویستی ئەمی بردوە، جاری واهەیە ئێرەیی بە منداڵەكانی دروا‌سێیان دەبات و لای وایە ئەوان لە ئامێزی خێزانێكی خۆش و بەختەوەر تردا گەورە دەبن .

ئێرەیی بردن بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە ناو ژناندا باوترە وەک لە پیاوان ، ئەگەر لە بۆنەیەک یا ئاهەنگێکدا ژنێک دەرکەوێت چاوی هەموو ژنەکانی تری دەچێتەسەرو دەیانەوێت هەرچیەکیان کردوە کەموکورِی و ناتەواویەکی لــێ بدۆزنەوە ، مەگەر ئەوانە لەمە بەدرو بن کە لەو ژنە باشتر و چاکترن ، هەندێک جاری واهەیە ژن لای وایە هەموو ژنەکانی تر ململانــێ و پێشبرِکێی دەکەن .

ئێرەیی بردن بەپلەی کەم و سادەوە ناوەستێت و تەواو نابێت ، بەڵکو سەردەکێشێت بۆ گومانی خراپ و غەیبەت و بوختان و پرِوپاگەندەو ناتۆرەی خراپ و تەنانەت دەستدرێژی و تاوانکردن .

ئێرەیی بردن بۆیە ئەوەندە تاوانێکی گەورەیە چونکە لە بنەرِەتدا گومانی خراپ بردنە بەخوای گەورە ، چونکە کەسی ئێرەیی بەر لای وایە موڵک و خەزێنەی خودا بەشی هەموو خەڵک ناکەن ، بۆیە پێی باشە نازو نیعمەتەکان لە بەرامبەرەکانی بسەندرێنەوەو بدرێنە ئەم ، کەئەمەش روناداد دڵی پرِ دەبێت لە ئازارو خەیاڵی خەماوی .

ئێرەیی بردن نەخۆشیەکی دەرونی و رەوشتی یە ، چونکە مرۆڤــی ئێرەیی بەر شکڵ و شێوەی سروشتی شتەکان وەک خۆیان نابینێت ، بەڵکو لە میانەی پەیوەندی خۆی پێیانەوە وێنایان دەکات... ئەوەی سەیرەئێرەیی بەر هەر لەکاتی حاڵەتە نەشیاوەکەیدا سزاکەی وەردەگرێت و دڵی پرِ دەبێت لە خەفەت و ئازارو دەڵەرِاوکــێ . چەند سەیرە مرۆڤێک بە خۆشی و هاتی خەڵکانی دەوروبەری دڵتەنگ ببێت ، ئەمە چەند دەرگایەکی فراوان و بەرین لە خەفەت و ئازار بەرِوی خاوەنەکەیدا دەکاتەوە . یەکێک لە زانایان دەڵێت : کەسم نەدیوە وەک مرۆڤــی ئێریی بەر لە هەمان کاتدا زاڵم و مەزڵومیش بێت ، زاڵمە چونکە حەز بەنەمانی نازو نیعمەتی خەڵک دەکات و لە دڵەوە دەسوتێت ، مەزڵومیشە چونکە هیواو ئاواتەکانی نایەنەدی . لە چاوتروکانێکدا ئێرەیی بەر لە دڵخۆشی یەوە بەرەو بەدبەختی تێ دەپەرِێت .

چارەسەری ئێرەیی بردن

رەنگە تەنها ئەوەندە بەس بێت کە ئێرەیی بردن تاوانەو خوای گەورە پێی ناخۆشە ، جگە لەمە مرۆڤـ بەوە لەم دەردە قوتاری دەبێت کە ئەوەندە بیر لە حاڵ و باری ژیان و نیعمەت و خۆشی یەکانی خەڵکانی تر نەکاتەوە ، مەگەر بۆ یارمەتی یا فریاکەوتن یا چاکسازی بێت . واباشە خۆی لە بەرامبەرێن و کێبەرکێی نادروست و وردەکاری ژیانی خەڵک رزگار بکات ، چونکە ئەمانە بەرهەم و سەرەناجامی باشیان نی یە .

لە ئیسلامدا نەک تەنها ئەوە بەڵکو مرۆڤـ بەوە هان دەدات ئەگەر کەوتە حاڵەتێکی واوە ، دەبێت هەوڵ بدات نزای خێرو چاکە بۆ بەرامبەرەکەی بکات و سیفەتە باشەکانی لای خەڵکانی تر باس بکات .

پێنجەم : بەخۆدارامون و لوت بەرزی و خۆبەگەورەزانین :

ئەم نەخۆشی یە دەرونیانەی کە بەختەوەری لە ژیانی مرۆڤـ هەڵدەگرن ، هەر یەکێکیان ئەگەر چارەسەر نەکرێن ئەوانی دی بەرهەم دەهێنن و مرۆڤـەکە شەکەت و گۆت دەکەن . لە روکاردا توشبوان و هەڵگرانی ئەم دەردانە لە حاڵەتێکی باشدان و هەست بەسەرکەوتن و متمانەبەخۆبون و پیاوماقوڵی دەکەن ، هەمیشە ئەو دیمەنەیان لەبەرچاوە کە ئەمان چەند گرنگن و خەڵکانی تر چەند پێویستیان بەمانە و بە گەورە و مەزنیان دەزانن ، و ئەمانیش هێندەی ئەو گەورەییەیان لەو خەڵکانە بــێ نیازو ناپێویستن . چەند سەیرە هۆکارو حاڵەتەکانی سەرکەوتن و گەورەیی ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن خۆیان دەبنەوە بەدبەختی و بێزاری و دەچنەوە بەگژ ژیاندا . ئەم کەسانە وەختێک هەست بەو بەدبەختی یە دەکەن کە دەبینن سەرەرِای پێویستی خەڵک پێیان بەڵام خۆشیان ناوێن و لەگەڵیان ئاسودە نین و، ئەو وێنە ئەڵماسی و بریسکەدارەی لە خەیاڵیاندا بۆ خۆیانیان کێشاوە لای کەس و خەڵکە نزیکەکەی دەوریان وانی یە ، بەڵکو بچوکترو ناشیرینترو ناقۆڵایە . دروستبونی ئەم هەستە بەرزو نزمی و ململانــێی ناخ دروست دەکات وجوانی یەکان دەکوژێت . مرۆڤــی لەم جۆرە بەردەوام دیلی بۆشاییەکەی نێوان خۆی و خەڵکە ، ئەم زۆر بەگەورە لەخۆی حاڵی بوەو کەچی لای خەڵکانی تر وێنەکە وانی یە . مرۆڤــی لەخۆبایی و

لوت بەرز بـی ئەوەی گوێ بەدەوروبەر بدەن و حیسابێك بۆ هەست و هۆشی خەڵکانی تر بکەن هەڵە و سەرکەشی و تاوانەکانیان چەند بارە دەکەنەوەو دەگەنە ئاستێك کە هەر بەتاوان و هەڵەشی نازانن و تەواو لێی بـێ ئاگا دەبن ، تا رۆژگارو روداوەکان توشی کارەسات دەکەن و خۆشیان هەرەس دێنن ، لە ساتەوەختی واشدا هیچ کەس ئامادە نی یە پاڵپشت و کۆمەکیان بکات .

حاڵەتەکانی سەرکەوتن و گەورەتربون لە خەڵکانی تر ئەو حاڵەتە زۆر ناسك و ئاڵۆزە دەرونیایەن کە پێویستیان بەمامەڵەی دروست و دانایانە هەیە ، تا ببنە خێروخۆشی بۆ ژیان . هەر بۆئەم مەبەستەشە کە خوای گەورە پەرستن و کڕنوش بردن و خاکی بون دەکاتە ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵك و کەس نی یە لەم ئەرکە خۆی بەدەر بکات ، سەرکەوتوەکان بەو کڕنوش بردنەیان سوپاسگوزاری لەخوای گەورە دەکەن و دێنەوە ئاستی خۆیان و ، جارێکی دی دەبنەوە بە مرۆڤـ و گیانی خۆشەویستی یان تێدا دەبزوێتەوە ، لەوە دڵنیا دەبنەوە کە سەرکەوتن و گەورە بونەکانیان جگە لەوەی منەتی خودایی لەسەرە بەجۆرێك لە جۆرەکان یارمەتی و پشتیوانی و کۆمەکی دەوروبەرو کۆمەڵگەشی لەگەڵ بوە . ئەم شێوەیە گیانی لوت بەرزی و خۆبەگەورە زانین دیار نامێنێت و سەرکەوتنەکان دەبنەوە خزمەت بۆ ژیان ... ئەوانەش کە شکستیان هێناوەو سەرکەوتوو نەبون بەو خواپەرستی یە هیوای بەردەوامی دێتەوەبەریان و بۆ هەنگاوو هەلەکانی ئایندە دەکەونەوە هەوڵ و ، روخان و رەش داگەڕان و بـێ ئومێدی جـێ دەهێڵن و ، دڵیان پڕ دەبێت لە رێزو خۆشەویستی بۆ سەرکەتوەکان ، چونکە ئەو خاکی بون و خۆبەکەم زانینەیان لـێ دەردەکەوێت کە پەرستنەکان بۆی دروست کردون .

بەخۆداڕامون ژیان ئاڵۆزو تاڵ دەکات و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان دەشێوێنێت و گۆڕینەوەی هەست و سۆز لە نێوان خەڵکیدا کەم دەکاتەوە و گۆشەگیری و دابڕان دەنێتەوە ، زۆر گرنگیش نی یە سەرچاوەی ئەو لوت بەرزی و خۆبەزل زانینە چی یە ، ئایا جوانی و بەهێزی لەش و لارە ، زانست و زیرەکی و لێهاتویی فیکرو عەقڵە ، ناوبانگ و بنەماڵە وشۆرەتی باشە ، یا توانای دارایی و دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداری یە ، چونکە هەمان سەرنجام دەداتە دەست . لەپەرستش و کڕنوش بردنی راستەقینەی مرۆڤـە سەرکەوتوو گەورەکاندا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە تا ئێستاش ئەو مرۆڤـانە لە دەوروبەر بـێ نیاز نین و زۆری تر ماوە فێری ببن و پێوەی بڵند ببنەوە ، ئەوە تەنهاخودای گەورەیە لە هەموو شت و کەسەکان بـێ نیازەو پێویستی بەیارمەتی و کۆمەك نی یە . هەموو تەواوی و گەورەییەکی مرۆڤـ ئەگەر دەردی لوت بەرزی و خۆبەزل زانینی لێوە ئاڵا بەرەو مردن و لاوازی دەڕوات . بەخۆداڕامون و خۆبەزلزانین دەردێکی دەورنی و شەیتانی کوشندەو دزێوە ، حاڵەتێکی خۆپەرستی و شکسکت خواردوە بەرامبەر ململانـێ گەورەکەی ژیان ، وا لە مرۆڤـ دەکات لاوازی و کەموکوڕی یەکانی خۆی لەبەرچاو ون ببێت و دان بەهەڵەکانیدا نەنێت و لای وابێت هەمیشە راست و تەواوە ، حاڵەتێکە وا لەمرۆڤـ دەگەیەنێت کە پێویستە بەردەوام دەوروبەر سەری بۆ بلەقێنن و بەڵێی بۆ بکەن و ، لاوازی و کەمی لە ئاستدا پیشان بدەن و لەوە دڵنیابن کە هیچ سات و کاتێك ناگەنە ئەم ، زۆرجار لە واقیعیشدا وانی یە . دانایان جوانیان وتوە کە دەڵێن : ئەوەی لەسەر شاخێکی بەرزەوە سەیری مرۆڤـەکانی ناو دۆڵێك بکات بە بچوك دەیانبینێت ، بەڵام هەڵەیە ئەگەر واتێبگات کە ئەوان بەگەورەیی ئەم دەبینن ، چونکە لە ناو دۆڵەکەشەوە مرۆڤـی سەرشاخەکە هەر بچوك دێتەبەرچاو .

ئەگەر ئەم حاڵەتی خۆبەز زانینە بەردەوام بێت و چارەسەر نەکرێت ، بەرەو دەردێکی دەرونی کوشندە سەردەکێشێت کە لێکۆڵەران بە شێتی مەزنایەتی ـ جنون العضمة ـ ناوزەدی دەکەن .

شەشەم : هەستکردن بە پیلانگێڕی دەوروبەر

لەناو خەڵکیدا ئەم جۆرە هەستکردنە زۆر باوە ، بەجۆرێك دەیانەوێت هەموو پاشکەوتن و شکست ولەتوپەتبون و دۆڕاندنێك بە پیلانی دوژمنانی دەرەکی و نەخشەی ناحەزانەوە ببەستنەوەو ، هەموو لۆمە و سەرزەنشتەکان بخەنەوە ئەستۆی ئەوان و ، خۆشیان لە رق

لێبونەوەو داخ و خەفەت خواردن بەولاوە هیچ کارێکی تری ئیجابیان لەدەست نایەت .
هەندێک کەس لای وایە ئەو هەموو دواکەتن و شپرزەییەی کۆمەڵگە ئیسلامی یەکان لە ئەستۆی ولاتانی رۆژئاوادایە و ئەوانن هەمیشە لە پلان و نەخشەسازیدان بۆ مانەوەو دروستکردنی قەیرانەکان ، ئەمانە پێیان وایە ئەگەر ئەوان شکست بخۆن ئیتر کۆمەڵگە ئیسلامی یەکان هیچ کێشەیەکیان نامێنێت و ولاتیان دەبێتە شامی شەریف . ئەم جۆرە مرۆڤـانە بەم حاڵە دەرونی یەوە نەخۆشن و دەبنە کوانوی خەفەت و ئازارو دەستیان ناچێتە هیچ کارو هەنگاوێکی بەسود ، چونکە لایان وایە ئەوان هەرچی بکەن و چەند پێشبکەون هەر ناتوانن تەونی نەخشەو داوەکانی دوژمنەکانیان ببڕن وسەرەنجام بـێ سود دەبێت .
جاری واهەیە یەکێک سەرنەکەوتنی خۆی لە گروپێک یا کۆمپانیایەک یا دامەزراوەیەک یا فەرمانگەیەکدا دەداتە پاڵ ئەوەی کە زوڵم و ستەمی لێکراوەو نەیتوانیوە بەرامبەر دزی کردن وفێڵ و گەندەڵی لە دامەزراو یا کۆمپانیایەدا خۆی بگرێت ، یا کەس و خەڵکانی ئەو گروپە رێز لە کارو هەنگاوەکانی ناگرن و حیساب بۆ بیروڕاکانی ناکەن ، بۆیە ئەمیش لەئاست ئەو هەموو ناهەقی یەدا خۆی پـێ نەگیراوەو ناچار وازی هێناوە ، دەنا وەک خۆی هیچ کەموکوڕی و بـێ توانایەکی نی یە ... خۆ رەنگە هەندێک لەو وتانەی لەمەڕ گەندەڵی و فێڵ و تەڵکەبازی و نالەباری کەسەکان راست بن ، بەڵام کە دەچیتە بنەوانی مەسەلەکەوە ئاشکرا دەبێت کە کەسەکە خۆی لێنەهاتوو کەمتوانایەو نەیتوانیوە ئەرکەکانی بەباشی راپەڕێنێت یا بەجوانی بیروڕاکانی بگەیەنێت ، سەرەنجامیش یا دەکراوەو دورخراوەتەوە یا خۆی وازی هێناوەو بەناچاری کشاوەتەوەو ئەم لێکدانەوەیەی بۆ کشانەوەکەی دارشتوە . لەگەڵ دوبارە بونەوەی ئەم حاڵەتانەدا هەندێک کەس لێیان دەبێتە نەخۆشی دەرونی و لایان وایە چونە هەر شوێن و سەر هەر کارێک ئەوا یەکێکیان لـێ پەیدا دەبێت و شکست و نەخشەی دۆڕاندن و هەرەس هێنانی ئەمان دەکاتە بەرنامەو کاری سەرشانی خۆی .

جاری واهەیە بێزاری ئەم حاڵەتە لەوێوە دێت کە یەکێک وا هەست دەکات بەرامبەرەکانی خۆشەویستی و رێزی شیاوی پێشکەش ناکەن و لە شوێنی راستەقینەی خۆی مامەڵەی ناکەن و سەرەڕای خۆنواندن و بەهرەنیشاندان بەڵام کەس لایان بەلادا ناکاتەوەو ، یا ئەمان بەردەوام خزمەتی خەڵک دەکەن و کەس نی یە ستایشێکی ئەو خزمەتانەیان بکات و رێز لە جـێ دەست و خزمەتگوزاری یەکانیان بنێت .
بۆ چارەسەری حاڵەتی لەو جۆرە رەنگە ئەم چارەسەرانە بەسود بن :
1 ـ واباشە مرۆڤـ لەکاتی بەرەنگار بونەوەو بەرپەرچدانەوەی هێرش وپلانە دەرەکی یەکاندا کەمێک لەگەڵ خۆیدا بوەستێت ولەوە تـێ بگات چەندێک خۆی لەو حاڵەتە بەرپرسیارە کەتێی کەوتوەو چەندەشی بۆ ناحەزان و بێویژدانی دەوروبەرەکەی دەگەڕێتەوە.
2 ـ مرۆڤـ بەچاوی گەورەو بەرزو باشەی تەواو لەخۆی نەڕوانێت و خۆی بەبـێ عەیب نەزانێت ، بەمەش بوارو مەودایەک بۆ رەخنەو هەڵسەنگاندن و توانجی بەرامبەرەکانی دەهێڵێتەوەو لەکاتی دەرکەوتنیاندا زۆر بەلایەوە کتوپڕ نابێت بەو شێوەیە پێیان پەرێشان نابێت .
3 ـ مرۆڤـ لەوە دڵنیا بێت کەهەر کەس لەژیاندا لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت و ، ئەستەمە ئەو گرنگی دان و گەورەییەی بە خۆیی رەوا دەبینێت لای خەڵکیش هەمان سەنگ و قەوارە بێت . دایکێک هەڵەی کردوە ئەگەر لای وابێت کە کوڕەکەی لەبەر گرنگی دان بەم دەبێت خێزانەکەی پشتگوێ بخات یا بیر لە ژنهێنان نەکاتەوە .
4 ـ هەموو یەکێک نەخشەی ژیان و خەم ئاوات و هیوای تایبەتی خۆی هەیە و زۆربەی کاتەکانی پێوەی سەرقاڵەو، کەمتر دەپەرژێتە سەر پلاندانان و لاکردنەوە بۆ خەڵکانی تر . گرنگە هەر کەسێک ئەوە بزانێت ئەو کاتەی خەڵکانی تر دایان ناوە بۆ بیرکردنەوە لەم زۆر کەمترە لەو کاتەی کە ئەم بۆ خۆیی داناوە ، بگرە زۆرجار خەڵک هەر بواری ئەوەیان نی یە خەریکی پیلانگێڕان بن بۆی .

حەوتەم: کاتی بەتاڵ و بێ ئیشی

خوای گەورە دەست وقاچ و ئەندامەکانی بەمرۆڤ داوە وفیترەتی بەرهەم هێنان وشت پێشکەش کردنی لەناخیدا خوڵقاندوە ، بۆیە ئەگەر ماوەیەک بێ بەرهەم وبەتاڵ بو بێزاری وبێ تاقەتی ڕوی تێ دەکات وژیانی لاتاڵ دەبێت. لەلایەکەوە باری ئابوری و بژێوی لاوازو بێ باردەبێت وناتوانێت هەموئەوانەی دەیەوێت

بەجێ یان بهێنێت و دورنی یە لەدەوروبەرەکەشیەوە توشی سەرزەنشت وتوانج وپلاربیێتەوە ، لەناوناخی خۆشیدا ڕێز و تواناکانی خۆی لێ دەبێزرێت ودورنی یە هەرەسی پێ بهێنێت . لەلایەکی ترەوە زۆر ئاسانە ببێتە نێچیری هاوڕێی خراپ ومەی ودەرمانی بێهۆشکەر.

چالاکی و بەهرەوجوانیەکانی مرۆڤ لە کارکردن و جموجوڵدا دەردەکەون و، لەکاتی وەستان و بەتاڵی وبێ ئیشی دا تەنها لاوازی و کەم وکوڕی وبێ تواناییەکان دەردەکەون ، باشی وتواناکانی بەخشین وچاکەکاری لەدایک بوی ساتەکانی بەرهەم وماندویی و کارلێکی دروست وتەواون.

بەتاڵی لەکار کەوتنی مرۆڤ و کردنەدەرەوەیەتی لەخولەکانی ژیان ، چواردەوری مرۆڤ پڕدەکات لە بۆشای وبێزاری ، زۆرن ئەوانەی سەردەمی خانەنشینی لە قوژبنی بێکاری و بێ تاقەتی پێچاون و لەگرنگی دان و ڕێزی خەڵکی دوروبێ بەشن ولەخەمێکی بەردەوام وبێ دەنگدا دەژین.

کارکردن هۆکارە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان و بەتاڵی کوشتنی هۆکار و ئامانجەکانە پێکەوە ، بۆیە جێی خۆیەتی مرۆڤ بیر لەکاری یەدەک وخۆبەخش وسەرقاڵی بکاتەوەو نەهێڵێت ڕۆژەکانی بێ جوڵەوچالاکی بگوزەرێن ، چونکە کارکردن ئەگەر بەداهاتی کەم یا بێ داهاتیش بێت زۆرباشترە لەوئازاروخەمەی بێ کاری و بەتاڵەیی دروستی دەکەن.

هەشتەم: بۆشایی نێوان هیواو ئاوات و واقیع وبەرهەم

بۆئەوەی ژیان بەرەو وشک بون و بێ مانایی و وەستان نەڕوات ، پێویستە مرۆڤ ئامانج و هیواوخەونی هەبێت ، بەڵام کاتێک ئەم هیواوخەونانە جۆرێک لەبەرامبەری و هاوسەنگیان نەبێت لەگەڵ تواناو دەسەڵات ولێهاتنەکانداو ، بۆشاییەکی بەرچاویان لەنێواندابێت ، خۆیان دەبنەوەسەرچاوەی بەدبەختی و بێزاری ...

ئەو ژیان وشارستانیەی ئەمڕۆ هەیە، داواکاری وئاواتەکانی مرۆڤیان گەلێک فراوان دورکردوە ، لەهەندێ باردا مرۆڤ لەوە دەچێت سێبەری خۆی ڕاوبنێت ، خەڵکی ڕۆژانەوبەردەوام بەدوای پەیدا کردن ودابین کردنی هۆکارەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانیدا وێڵن ولێشی تێر نابن ، زۆر جارهەست دەکەن ئەوەی کەهەیە زۆر کەمترە لەوەی داوای دەکەن . هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت و کەناڵەئاسمانیەکان لەپڕوپاگەندە و روکارەکانی زیادەڕەوی و پیشاندانی دیمەن و شتە نەخشەکێشراوەکاندا لەزیادکردنی حەزەکانی خەڵکداڕۆڵی زۆر گەورەیان هەیە . زۆرجارخەڵک لەدەست نەکەوتن ونەبونی ئەوخۆشی یانەی کەپیشان دەدرێن ناخی پڕلەخەم وئازاردەبێت.

جۆرێکی تری خەفەت لەزۆری گەشبینی وتێگەیشتنی هەڵەی مەسەلەکانەوە دێت ، چونکە زۆر جار مرۆڤ بەپێشبینی باشترین ئەگەرەوە کارەکانی دەکات وحەزی لە پێشبینی یە خراپەکان نی یە یا هەر حیسابیان بۆ ناکات ، بۆیە لەکاتی رودانیدا سەدمە (شۆک)ی توش دێت .. بازرگانی بۆ قازانجە ، خوێندن بۆ سەرکەوتن و سەفەر بۆحەوانەوەو ژن هێنان بۆ ئارامی و جێگیربونە ، ڕەچاونەکردنی ئەگەرە خراپەکان لەو مەسەلانەدا کە بریتین لە زیان وشکست و تەنگ و چەڵەمە و قەیران ، مرۆڤ توشی بەدبەختی و ژیان تاڵی دەکات .

نۆیەم:ماندویەتی ودڵەڕاوکێ وترس

یەکێک لەدیارترین ئەو بەڵاو ئازارانەی هەڕەشە لە ژیانی هاوچەرخ دەکەن ئەو ماندویی وترس ودڵەڕاوکێ یە یە کە هەمو کۆمەڵگەکانی جیهانی گرتۆتەوەو ، لەزۆر شوێندا ژیانی ڕێژەیەکی بەرزی لە خەڵک خستۆتە مەترسی یەوە و ڕۆژانە چەندینیان بە خۆ کوشتن تەعبیری لێ دەکەن . لەم رۆژانەی ئێستا خەڵک بەرێ یان دەکەن ژیان قورس و ئەستەم

بوە و ، داواکاری و مەرج و ئاستی بەرز و ئاڵۆزیەکانی زۆربوون و وای کردوە خەڵک زۆرتر بیری لێ بکەنەوە و پێوەی سەرقاڵ ببن و بەگرنگی زیاترو ئامادەگی زۆرترەوە لەئاستیدا بوەستن ، ئەوەی کێشەکەشی قوڵترو ترسناکتر کردوە ئەوەیە کە لەبەرامبەریدا بەها روحی وئەخلاقی یەکان رویان لەکزی وبچوک بونەوە کردوە وناتوانن وەڵامی هەموو داواکاری وپرسیارەکانی خەڵک بدەنەوە.

بەردەوامکردنی ژیان لەم ساتانەدا وەک ئەو پاڵەوانەی لێهاتوە کە بەسەر پەتێکەوە لە تەلارێکی بەرزەوە بەرەو یەکێکی تر دەڕوات ، پێویستە بڕوات و لەهەمان کاتدا هاوسەنگی خۆشی ڕابگرێت دەنا دەکەوێتە خوارەوە ، دەبێت چەند اعصابی ماندوبێت و لەترس و کرژبوندا بژی ، هەربۆیە قوتاربوون و رزگاربونی تەواوەتی لەترس و دڵەڕاوکێ وماندویی زۆر زەحمەتە.

جەستە و لەش ولار مااندوکردن بەرێژەیەکی مام ناوەند رەنگە ببێتە هۆکارێکی بەختەوەر بوون ، چونکە وا لەمرۆڤ دەکات خەوی ئارام و قوڵ بێت و خواردنی باش وتەواو بێت ، ئەمە جگە لەوەی لەزەتێکی زیادەش دەدات بە پشوو رۆژوکاتە بەتاڵەکان ، بەڵام ئەگەر لەئاستی ئاسایی تێپەڕی دەبێتە دوژمنێکی بە ختەوەری .

هەندێک کەس ئەوەندە لەکاروپیشەکەیاندا ڕۆدەچن خۆیان دەپڕوکێنن و هەمو ژیانی خۆیانی لێ پڕدەکەن ، بەلایانەوە وایە کارەکەیان زۆر گرنگ و مەترسی دارە و ئەگەر لەماوەی دیاری کراوی خۆی و بەشێوازی ویستراو و نمونەیی ئەنجام نەدرێت ئەوا کارەسات دەقەومێت ، بۆیە ڕۆژێک یا ساتێک پشوو بەخۆیان ڕەوا نابینن .. رەنگە ئەم بۆ چونانە بۆ ساتێکی کەم و بۆچەند ڕۆژێکی دیاری کراو راست بن ، بەڵام هەرگیز بەبەردەوامی و بۆماوەی درێژ خایەن تەواو نین و خاوەنەکانیان زیاد لە پێویست گەورەیان دەکەن و ناتوانن وەک خۆی وێنای کارەکانیان بکەن ، رەنگە ئەگەر مرۆڤێکی وا پیشان پزیشکێکی دەرونی بدرێت بەزۆر ماوەیەک پشوی بەسەردا بسەپێنێت.

دڵەڕاوکێش جۆرێکە لەترس ، بەدوای خۆیدا ماندویی وئەعصاب توندی دەهێنێت ، لەڕاستیدا کەس نی یە هیچ جۆرە ترسێکی نەبێت . هەیە لەپلە و پایە و ئاستی فەرمانبەری و هەیە لە زیانی ماددی و هەیە لەئاشکرا بوونی هەڵە وکەم وکوریەکانی لای خەڵک و هەیە لەبەخیلی و حەسودی خەڵک پێی دەترسێت .

ترس وماندوو بوونی ئەعصاب تەنها مرۆڤ بێزار و کەم بەرهەم ناکات ، بەڵکو ڕوانین وگرنگی دانەکانی بۆ دەوروبەرو خەڵکانی تر بچوک دەکاتەوە و خۆی و خەمەکانی دەکاتەچەقی گەورە و لە هەموو تواناکانی بەخشین و خزمەت کەم دەست بێ توانای دەکات .. بۆیە گرنگە مرۆڤ چەند دەتوانێت ئاست وفشاری ترس و دڵەڕاوکێی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. ئەمانە چەند ڕێنموییەکن لەم بوارەدا:

1ـ ترس ودڵەڕاوکێ لەمرۆدا هیچ لە خەم وئازارەکانی بەیانی کەم ناکاتەوە و تەنها شادی و خۆشیەکانی ئێستا دەکوژێت . بۆیە مرۆڤ لەو بوارانەدا پێویستی بەئاستێک لەمتمانە و پشت بەستن بەخوای گەورە و باوەڕ بوونە بەقەزا و قەدەرە . خۆبەهێزکردن بەم بەها و مانایانە تین و توانای مرۆڤ بڵند دەکەنەوە و کاریگەری ئەو حاڵەتانەی زۆر لەسەر کەم دەکەنەوە.

2 ـ بەربەست و ئازارەکانی ژیان پێویستە ببنە پاڵنەر بۆ قوڵتربون و واقیعی بونی زیاتری بیرکردنەوەکان ، نەک ببنە کوانوی ترس و بێ ئومێدی و دەست بەردان . هۆکاری زۆر لەو ترس و دڵەڕاوکێ یەی هەندێک خەڵکی داگرتوە بۆ بێ ورەیی و ڕاکردن لەواقیع و روبەرونەبوونەوەی کۆسپەکان دەگەڕێتەوە ، لەپاش ئەوەی توانای خۆگرتن وگفتوگۆی راشکاوانەیان نامێنێت ، تەواو تەسلیم خەیاڵ و ترس دەبن و دەگەنە قەناعەتێک بەوەی کەلێی دەترسن وچاوەڕێی دەکەن بیرکردنەوە چارەسەری ناکات و رودانی بێ گومان و بێ بەربەستە.

3. کەترس ودڵەڕاوکێ زۆری هێنا ومرۆڤی گرتەوە واباشە لەوە دڵنیا دەبێت کە دەروازەی کۆمەکی خودایی نابەسترێت و دەشێت هەندێک کۆسپ و لەمپەر بەنزاو پاڕانەوە لا بچن وکەمببنەوە ، یا کاریگەریە خراپ و نەشیاوەکانیان لە ئایندەدا دیار نەمێنێت .

4. هەوڵدان بۆبنینی جیهان بەشێوە گشتی وگەورەکەی ، بە شێوازێک وادەرکەوێت کەترس و دڵەڕاوکێ روبەر و ساتێکی کەم وبچوکی تێدا داگیر دەکەن ، دێن و بەخێرایی تێپەڕدەبن . سەرنجی ورد و قوڵ ئەوە ئاشکرا دەکات کە گێژاوی ترس و تەنگانەکان لە شەپۆل و تەوژمێکی تورەی دەریاکان دەچن و ، دەگونجێت لە خۆبگیرێن و کاریگەری یەکانیان کەم بکرێتەوە . لە پاش هێمن بونەوەی دەریا تەنها رۆخ و قەراغەکان ئاسایی دەبنەوەو شوێنکارەکان وەک یادگاریەکی گوزەرکردو وێنەکانیان جـێ دەمێنێت . هەر مرۆڤێک بەشێک و ڕەگەزێکی زۆر بچوکی ئەم جیهانە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەیە ، باش نی یە قەوارەو گرنگی خۆی زۆر گەورە بکات و توشی زیاد پێوە نان ببێت و لای وابێت رۆژو ساتەکانی جیهان بەمەوە بەستراون .

5. زۆر بیر کردنەوە و خەفەت خواردن بەتەنگ و چەڵەمەیەکەوە ئەگەر خزمەت بە چارەسەرەکەی نەکات مەسەلەیەکی بێ ماناو ماندویی هێنە ، بەتایبەتی لە شەودا کەدەبێتە هۆی هەراسانی و خەوزران و ئیسراحەت نەکردن . ئەگەر مرۆڤ زانیاری هۆکار و ڕێگەکانی دەربازبون لەتەنگ وچەڵەمەیەکی لەبەردەستا بوو خراپ نی یە خۆی پێوە خەریک بکات وخەمی بخوات ، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لە دەسەڵاتی ئەودا نەبوخەفەت خواردن بۆی بێ هودەیە.

6. گرنگی دانی زیاتر لەپێویست وگەورە کردنی مەسەلەکان ترس وخەفەت دروست دەکەن . مرۆڤ گرنگە سادەو واقیعی بیر بکاتەوە ئەگەرهەڵێکی لەکیس چوو یا زیانێکی لێ کەوت یا لە پڕۆژەیەکدا شکستی هێنا ئەوە دنیا کاول نەبووە ژیان ناوەستێت . مەبەست لەمە ئەوە نی یە مرۆڤ لەئاست شکست و دۆراندنەکاندا بێ هەڵوێست و جموجۆڵ بێت ، بەڵکو تێگەیشتنە لەوەی ئەو شتانەی خەفەت بۆ لەکیس چونیان دەخورێت ئەگەر بەردەستیش بکەوتنایە زۆر گۆڕانی ریشەییان لەژیاندا دروست نەدەکرد ، بۆیە گریان و خەفەتی زۆر بەسەریانەوە جگە لەزیان و روخانی دەرونی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

7. زۆر لەخۆکردنی ناهاوسەنگ سەرچاوەیەکی ترس و ماندویی یە ، رەنگە مرۆڤ بۆماوەو پڕۆژەیەکی کورت خایەن بەرگەی بگرێت ، بەڵام بەردەوامی و کردنی بە بەرنامەو پیشە لەژیاندا مرۆڤ هیلاک و شپرزە دەکات . ئەو پاڵەوانەی لە سێرکێکدا پێنج یا شەش تۆپ بەهەوادا هەڵ دەدات و یاریان پێ دەکات بێ ئەوەی هیچیان بکەونە سەر زەوی ، تاماوەیەکی دیاری کراو ئەوەی بۆ دەکرێت ، لەوانەیە لە چەند خولەکێک تێپەڕ نەکات . خەڵکی واهەیە بەم مەسەلەیە توشی ترس ودڵڕاوکێ دەبێت ، دەیەوێت بەبەردەوامی تۆپەکانی ژیانی بەئاسمانەوە بن وهەمیشە دەستی لەسەر دڵیەتی سا خودا هیچ کامیان نەکەونە زەوی ، ئیتر رەنگە نەیپەرژێتە سەرچاودێری تەندروستی و گەشەی خۆی یا نەتوانێت مافی خێزان ومنداڵ ودەوروبەرەکەی بدات.

مرۆڤی لەم جۆرە هەتا کارو سەر قاڵیەکانی زۆرتر بێت ماندویی وهیلاکی زیاتر دەبێت وجاری وایە دەگاتە ئەو ساتەی وا تێ دەگات بیست وچوار کاتژمێرەکە کەمە وبەشی ناکات ، هەمیشە سەرقاڵە و خەریکی جوڵانەو مانای پشوو وەستان وتێڕامان نی یە لە ژیانیدا ، دەڵێی سێبەری خۆی ڕاو دەنێت . ئەم جۆرە کار کردن و هەڵدانە هەرچەند باش و بەرهەم داریش بێت ، ئەگەر هاوسەنگی و مام ناوەندێتی تێدا نەپارێزرێت دەبێتەوە زیان و بەدبەختی.

دەیەم: روکردنە رابواردن و پارە کۆکردنەوە بەمەبەستی بەختەوەری

هەرچەندە پەیوەندیەکی توند لە نێوان چێژو کامەرانیدا هەیە ، بەڵام ئەم دوانە یەک شت نین ، رەنگە کەسێک چێژ وەربگرێت بەڵام بەختەوەر نەبێت ، جێگەی سەرنجە کەژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک بەشوێن هۆکارەکانی پشودان و گەنجێتی وجوانی یەوەن و، لایان وایە بونی ئەو هۆکارانە، یامانەوەی روخساری مرۆڤ بەگەنجی یاجوانی وسەرج راکێشانی لەش ولار خودی بەختەوەری یە ولەم پێناوەشدا ماندوبونێکی زۆر وخەرجیەکی بێ

ئەندازە بەکار دێنن ، بەڵام زۆرجار چنگیان لە بەختەوەری گیر نابێت . بەختەوەری لای هەندێک بۆتە سەیران وگەشت و سەفەر کات بەسەر بردن لە باخچەی ڕازاوەو و شار و بازارِە قەرەباڵغەکاندا ، جاری واهەیە لەوەش تێ دەپەرێت وخۆشی وبەختەوەری لەخۆبێهۆش کردن وسرِبون وبێ ئاگاییدا دەبیننەوە وسامان ومەبەستی خۆیان دەکەنە قوربانی ئەم هۆکارانە ، ئیتر ژیانی ئاساییان لا دەبێزرێت و لایەنی کۆمەڵایەتی ودەرونی وگیانیان دەپوکێتەوە و زۆر جار بەرەو خۆکوشتن سەر دەکێشن.

بەختەوەری لای هەندێک کەس و خێزان ڕاکردن و هەڵپە کردنە ، بۆتە ڕاکردن بەشوێن بەرهەمی کۆمپانیا تازەکاندا ، وێڵ بونە بۆ ئەو ئامێر و دەزگا و خواردن و جل و بەرگ و دەرمانی ئارایشتانەی بەردەوام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرێت و وەک بازنەیەکی خولاوە هەرگیز کۆتاییان نایەت ، بەشێوەیەکی وا کردونیەتە مشەخۆریکی بێ دەسەڵات و بەکاربەرێکی بێ مانا ، بێ ئەوەی بتوانن بۆ قوڵایی وجەوهەری شارستانیەتە رۆبچن کە ئەو روکارانەی بەرهەم هێناوە.

بەختەوەری بەردەوام پەیوەندی بە بەها و فیکر و گەورەیی و قوربانی دان و بەخشینی بەردەوامەوە هەیە و ، ئەزمونی گەلان ومێژوش ئەوەی سەلماندوە هەرچی ئەو چێژانەیە مەسەلەیەکی کاتین و دورنی یە لە پاش خۆیانەوە لافاوی رماندنی بەختەوەری دروست بکەن وخەریک بون پێیانەوە تەنها ببێتە بەسەر بردنی کات و شەکەتکردنی لەش و لار.

### یانزەیەم: روپامایی

ئەوحاڵەتە دەرونی یەی خاوەنەکەی دەکاتە هەڵوەدای بەدەست هێنانی ڕەزامەندی تەواوی خەڵک وبیستنەوەی وتەو دەربڕینی پیا هەڵدان لێیانەوە. هەرچەندە ڕێزگرتنی باوی گشتی و گرنگی دان بە زەوق و تێڕوانینی خەڵکانی دی سەنگی تایبەتی خۆی هەیە ، بەمەرجێک لەحاڵەتی مام ناوەندی و راستگۆیی و مەعقولدا بێت ، نەک خەم وهەوڵی مرۆڤێک تەنها خەڵک لە خۆرازیکردن بێت .

مرۆڤی روپاما لەدۆڕاندن وگۆڕانی بەردەوامی کەسایەتیدایە ، لەهەرکوێ و شوێن و لەبەردەم هەرکەسێکدا ماسکێکی تایبەتی بەڕووەوەیە ، تائەو ئاستەی خۆی لێ ون دەبێت و خاوەنی خەسڵەت و بیرورِا و کەسایەتی خۆی نامێنێت.. نیوەی تەمەنی بۆ دروستکردنی وێنەیەکی رەونەقدار لەچاوی خەڵکیدا بەسەر دەبات و ناچاریش دەبێت نیوەکەی تری بۆ پاراستنی ئەو وێنەیە تەرخان بکات ، هەرچەندە لەزۆر کاتدا رەنگە باوەرِ پێبون و گرنگی ناوەکی بۆ ئەم مەسەلانە هەر نەشبن .لەمەشدا کۆتی ئازارێکی نەبڕاوە و ململانێ یەکی بەردەوام لەگەڵ ناخدا دەچێتە گەردنی ئەو مرۆڤــانە و زۆر لە توانا وبەهرەکانیان بەهەدەر دەچێت .

خەڵکی وا هەن پێیان وایە بەختەوەری لەوەدایە لەخۆیان گەورەتر دەرکەون و ئاستێکی بەرزتر لە هی خۆیان حیسابیان بۆ بکرێت ، ئەمانە دەبنە خزمەتچی و ماستاوچی گەورەکانیان و بۆ سەردان و وێنەگرتن و دەرکەوتنێک لەگەڵیاندا ئامادەن چەندەها کاری نەشیاو و مل شکێن بەسەر کەسانی دەوروبەریاندا بهێنن وچی نەشیاوە بیکەن ، سڵ لەدرۆوفێڵ وخۆنواندن و دڵسۆزی پیشاندانی ساختە ناکەنەوە . ئەمانە بچرانێکی گەورە دەکەوێتە نێوان عەقڵ وگیانیان لەلایەک و هەڵس و کەوت ومامەڵەیان لەلایەکی ترەوە و ئێش و ئازاری ئەو بچڕانە زۆر گەورەتر و کاریگەر ترە لەو پیاهەڵدان و پلە ناشایستەیەی بە مجامەلە بێ ماناکانیان چنگیان دەکەوێت.

حیسابکردن بۆ خەڵک و بەدەممەوە بونی ئازار و هیواوئاوات و حەزەکانیان کارێکی شارستانی و مرۆڤانەیە ، بەڵام هەرگیز نابێت بگاتە ئەو ئاستەی سەربەخۆیی کەسایەتی و مافی قەناعەتی تاکەکەسی لە هەمبەر کۆمەڵێ باس و مەسەلە لە مرۆڤ زەوت بکات و رێز و حورمەتی پێوە نەهێڵێت.

### دوانزەهەم: خۆپەرستی

خۆبەچەقکردن وخولانەوە بەدەوری خوددا یەکێکە لەنەخۆشی یە تاڵەکانی سەردەم ، هەرچەندە لەروکاری دەرەوەدا خۆپەرست زۆر خەمی خۆیەتی و خزمەتی ئارەزو و حەز و داواکاری یەکانی دەکات ، بەلاَم جێکەوتەی ئەم حاڵەتە لەژیاندا تەواو پێچەوانە و دژە .

زۆر جار بەختەوەری ودڵگوشادی لەبیرکردنەوە لەئازاروخەمی خەڵك و هەوڵدان بۆخزمەتکردنیانەوە دێت ، یا لەو کارانەدا کۆدەبنەوە کە قازانجی خودی بکەرەکەیان تێدا نی یە . یەکێك لە سەرچاوەکانی بەختەوەری بەخشینی بێ بەرامبەر و خزمەتی بێ چاوەڕوانی یە ، جا لەهەر ئاست و بازنەیەکی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیاندا بێت ، بەختەوەری و فراوانی ناوەوە هاوڕێژەیە لەگەڵ خەرجکردنە بێ بەرامبەرەکانی کات وسامان و تواناادا.

ئەگەر هاوڕێ یەتیەك بەخشین و دیاری گۆڕینەوەی تێدا نەبێت چەند وشك و بێ تامە ،ئەگەر لەماڵێکدا پیاوێك نرخی خواردن وخواردنەوەکەی لە خێزانەکەی وەرگرتەوە و ژنەکەش کرێی منداڵ گەورە کردن و ماڵ بەڕێوەبردن و خواردن ئامادەکردنی لەمێردەکەی وەرگرتەوە خێزان و ماڵەکەیان چەند سارد و سڕ و بێ گیان دەبێت ، چۆن هەمیشە دەبێتە کوانی بەرژەوەندی پەرستی و ململانێی مادی و خۆپەرستی . لەحاڵەتی وشادا ژیان چەند تاڵ و تەسك و تاریك دەبێت.

دروشمی خۆپەرستانەی ـــ ئاگرە سورە لەخۆم دورە و دنیا بەقوربانی من بێ ـــ لێوان لێوە لە رەزیلی و چاو چنۆکی و برسیەتی ، پرە لەهەڵمەتی خەڵك روتانەوە و زوڵم و ستەم.

مرۆڤی خۆ پەرست و رەزیل هەمیشە هەژار و کەم دەسەلأت و دڵتەنگە ، هەمیشە حەز و داواکاری و ئارەزوەکانی لەوەی بەردەستی زۆرترن و چاوی بە هیچ پڕ نابێتەوە .

گورگ بەو درندایەتیەی خۆیەوە لەنیوەدا نێچیرەکەی بۆ هاوڕێکانی جێ دەهێڵێت تا لێی بخۆن و بەشداری بکەن ، بەلأم مرۆڤی خۆپەرست و رەزیل خۆی لەتاو ئازاری زۆر خۆری سکی دێشێت وکەچی هەرچاوی لەپاروەنانی برسی و سك قوپاوەکانە.

پیاوێکی بەخشندە دەگێرێتەوە : هاورێ یەکی رەزیل و خۆپەرستم هەبوو ، نازانم چۆن جارێك لەدەستی هات مەڕێکی بەدیاری بۆ هێنام ، منیش ئەسپم زۆر بو لەبریدا یەکێکم بۆ کردە دیاری ، سا بەڵکو فێری بەخشندەیی ببێت ، هێندەی نەبرد دوو مەڕی بۆ ناردم ، منیش دوو ئەسپم بۆ رەوانەکرد ، رۆژێك هاتە لام و بینیم ئەسپەکانم دەبژێرێت ، تا بەژمارەی ئەوان مەڕم بۆ بنێرێت.

مرۆڤی خۆپەرست و رەزیل جگە لەوەی لەناخی خۆیدا توشی کێشە و ململانێ دەبێت و هەردەم ماندو و برسی یە ، لەدەرەوش لای خەڵك بێ رێز و دزێو دەبێت وکەس حەز بەچارەی ناکات و ، ئەم دو ململانێیەش بەختەوەری ئەو کەسە کرمۆڵ و دارزیو دەکەن .

سیانزەیەم: بێ هیوایی و ڕەشبینی

زوبێ هیوابون و ڕەشبینی بەرامبەر ژیان و دەسەوسانی سەرچاوەیەکی کوشتنی بەختەوەری خەڵکن . هی وایە دەڵێی لە قولەی قاف بەجێ ماوە و لەبن دارێکدایە یەك گەڵای پێوە نی یە و هەمیشە ئەگەرە لاواز وخراپەکان سەرژمێر دەکات و دەست و ئەژنۆی لە هیمەت و ورەبەرز شکاوە .

رەنگە مرۆڤ لە خوێندنێکدا دەرنەچێت ، یا بازرگانی یەك بکات و زیانی لێ بکەوێت ، یا دزوجەردەو رێگر فێڵی لێ بکەن و هەراسانی بکەن ، یاخۆی نەخۆش بکەوێت وکەسی واش نەبێت یارمەتی بدات ، ئەمانە هەموو ئەگەرە خراپەکانن ... بەلأم لە پاڵیاندا هەموو ئەگەرەکانی دەرچون و قازانج و سەرکەوتن و قوتاربون و لەش ساغی هەن و هێندەی ئەوانی پێشوو رێ یان تێ دەچێت. مرۆڤی رەش بین هەمیشە ئەگەرە خراپەکانی لەبەرچاوە و لەترسێکی بەردەوامدا دەژی .

مرۆڤی رەش بین بەهۆی لێکدانەوە خراپ و پێشبینی یە مەترسی دارەکانیەوە هەمیشە ئەعصاب و مێشکی ماندوە و حەماسەت و جدیەت و هیمەتی بۆ هیچ کار و مەبەستێك نی یە ، بەردەوام لەدوترسدا دەژی ، ترس لەو نارەحەتی و خراپیەی یەخەی گرتوە و ترس

لەوەش کە نەهاتوە و ئەم لێی تۆقیوە . زۆرگرانە مرۆڤ بەزیندویی هیوا وخواستەکانی سەرکەوتن وکرانەوە وباش بون لەدڵیدا بمرن و بڕوای بەهەڵسانەوە نەمێنێت.

ژیان لەچاوی مرۆڤی رەشبیندا لە کونی دەرزی بچوک و تەنگەبەرترە ، هەر بەربەستێکی هاتە ڕێ وا لێی تێ دەگات ئەوە چارەنوس و ڕۆژی رەشی یەتی و هیچ بوارێکی خۆلادان و قوتاربونی بۆ نی یە و هەردەبێت دوچاری ببێت وتالاًوی ئەو ئازارە بچەژێت ، بەلاًم مێژو و ئەزمونی ژیان تەواو پێچەوانەی ئەوەی سەلماندوە کەنەخۆشی نی یە دەرمانی نەبێت ، ئەگەر بەلاًیەک هەر هات ئەوا ژیان وراهاتن لەگەڵی ئەستەم ومەحاڵ نی یە . چەند جوانە خوای گەورە دەفەرموێت : (( فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً، إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً )) لەخودی حاڵەتی ئازارو نارەحەتی دا کرانەوە و قوتاربون و ئاسانی هەیە ، بەلاًم دەرونێکی بەرز و پەروەردەیەکی لەباری دەوێت بتوانێت لێی تێ بگات و لەناو ئازارو نارەحەتی یەکاندا حەوانەوە و خۆشی ببینێت .

عومەری کوڕی خەتتاب لەو مرۆڤە گەشبینیانە بوە باش لەم مەسەلە حاڵی بوە ، هەربۆیە دەڵێت :

هەر بەلاًو موسیبەتێکم بەسەر هاتبێت ، پێی دڵگران و خەمگیرنەبوم لەسێ رووەوە سوپاسی خودام لەسەری کردوە : یەکەم ئەو بەلاًیە لەئاینپەروەریمدا نەبوە ، دوەم : لەخۆی گەورەتر و خراپتر نەبوە ، سێ یەم : دەتوانم لەسەری ئارام بگرم و پاداشتی خوداییم چنگ دەکەوێت .

ئەگەر مامەڵەی دروست و شیاو فێر ببین خەم و ئازار و کۆسپەکان دەبنە هۆکاری بەرزبونە و سەرکەوتنمان ، دەبنە ئەزمون و ساتانی سودمەند لەژیان و تەمەنماندا.

چواردەیەم: عەقلٌ بەستویی

سەرچاوەی دەردەسەری و بەدبەختی لای هەندێک کەس عەقڵیانە ، ئەو شێوازە لەقاڵب دراو و شەختەگرتوییەیە کەجیهانی پێی دەبینن و دیاردە و روداوەکانی پێ لێک دەدەنەوە و ، چەوساندنەوە و پەلاماردانی بەرامبەرە جیاوازەکانیان بەشیاوو مافی خۆیان دەزانن ،بەتایبەتی لەو کاتانەی چمکێک لە دەسەلاًتیان دەکەوێتە دەست و بڕیارەکانیان قورسایی دەبێت . کەسانی لەم جۆرە لە نیعمەتی ببڕوڕا گۆڕینەوە و تازە بونەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی کەنارە خوارو سواوەکانی رۆشنبیری خۆیان بێ بەشن و ، خەڵکی تر دەگەنە ئەو قەناعەتەی گفتوگۆکردن وراگۆڕینەوە لەگەڵ ئەمانە بێ سودە و کەس ناتوانێت بیروڕایەکیان پێ بگۆڕێت . بەمەش توشی کەنارگیری و دابڕانی کۆمەلاًیەتی دەبن و دەکەونە ئازار و ژانەکانیەوە ، بێ ئەوەی بەوە بزانن کە بەدەستی خۆیان ئەو حاڵەتەیان بۆ خۆیان پێش هێناوە و ئەوان بون لەسەرەتاوە حیسابیان بۆ کەس نەکردوە و رێزیان لە بیروڕای بەرامبەرەکانیان نەگرتوە.

خەڵکی بەگشتی خاوەنی کۆمەڵێک مەسەلەی جەوهەری و مەبدەئین کە پەیوەندی بە بیروباوەڕو هەندێ بەهای رەوشتی جێگیری ڕۆشنبیری یەوە هەیە و زۆر کەس لە گەڵیان بەشدارن ، لێرەدا مەبەست لەچەق بەستن گفتوگۆ داخستنە بەروی مەسەلە لاوەکی و جیاوەزاکاندا ، ئەوانەی دەکرێن خوێندنەوە و تێڕوانینی جیاواز و هەمەچەشنیان بۆ بکرێت .

هەندێک جار لەو حوکم و بڕیارە گشتگیرانەی بەسەر دیاردەیەکدا دەدرێت وکەسی لێ نابوێردرێت بەرامبەرەکان ئازار دەچەژن ، بۆنمونە : خەڵکی وا هەیە کە شتێکی بەرەو رو دەکرێتەوە یەکسەر دەڵێت: نا..نەخێر ، من هەرگیز شتی لەو بابەتە ناڵێم . یا دەڵێت : هەرگیز شتی وا قبوڵ ناکەم . هی واش هەیە کەتوشی هەڵوێستێک دێت لەگەڵ یەکێکدا و درۆیەکی لێ دەبینێت ، یەکسەر دەڵێت : ئەوە فلاًنەکەس بەهەمو ژیانی درۆزن بووە و هەرگیز راستێکم لێ نەبیستوە.. کە ئەمە وا نی یە .

خەڵکی وا هەیە دەڵێت : هەرچی خوێندەوار نەبو کەڵکی نی یە ، لەکاتێکدا زۆر نەخوێندەوار هەن سیفەتی رەسەن و سروشتی بەرز هەڵدەگرن ، یا دەڵێت : هەرکەس موسڵمان وموڵتەزیم نەبێت سودی نی یە و تێکەڵی نەبیت باشە . کەچی زۆر جار رێ دەکەوێت لەکەسی ناموڵتەزیم هەڵوێست وئاکاری بەرز بەدی بکەیت و بەپێچەوانەشەوە

لەکەسی موسڵمان و ئایینپەروەر هەڵە و نابەجێی نەشیاو بکەوێتەوە . بۆیە حوکمە گشتی و نەبوێرەکان زۆربەی کات تەواونین و لەسەدا سەد ڕاستی ناپێکن .

کەسانی عەقڵ بەستو زۆر جار بەگومانی خراپ و سینە تەسکی مامەڵەی خەڵک دەکەن ، لایان وایە خەڵک هەرخەریکی پیلان گێران و دژایەتی کردنی ئەمانن ، زۆر لەڕوداو و شکستەکان وا لێک دەدەنەوە کەدەستی ناحەزان و دوژمنانی لە پشتەوەیە .. بەمەش حاڵەتی دەرونیان دەشێوێت و پەشێو دەبن ،گیانی توڵە سەندنەوە و رق لێبونی خەڵک ودوژمنکاری یان گەورە دەبێت و خۆیان بە مەزڵوم و ماف خوراو حساب دەکەن .

تا مرۆڤ بەم دەردەوە نەتلێتەوە و ژیانی لێ تاڵ نەبێت ، واباشە لەوە تێبگات کە شتەکانی دەوروبەری لە گۆڕان و جموجۆڵی بەردەوامدان و ئەمیش زوو زوو پێویستی بە پشکنین و پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی بیروڕاکانی خۆی هەیە و مەرج نی یە حوکم و بڕیارەکانی ئەمڕۆی تاسەر وابمێنێتەوە و شایانی گۆران نەبن .

جگە لەو چواردە ئاراستە و دیاردانەی خرانە بەرباس ، رەنگە مەسەلەی تریش هەبن ئەگەر مرۆڤ دوچاریان بێت ژیانی لێ تاڵ بکەن و دنیایی لێ بهێننەوە یەک . لە بەرامبەریشیاندا هۆکار و هەڵوێست و سیفەتی دەرونی تر هەن کە لێیانەوە ژیان و رۆژەکان بەهرەمەند دەبن و ئاسودەیی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ دێنن . بەڵام دیارە هەروەک ئەوانەی پێشەوە بەیەک ئاست و گورەوە کاریگەری یان لەسەر هەمو مرۆڤەکان نی یە و رەنگە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جێکەوتەیان جیاواز بێت ، بەهەمان شێوە ئەمانیش بۆ هەمو خەڵکی و لەهەموو ساتێکدا هەمان کاریگەری یان نی یە ، لەوانەیە لەهەندێک ساتدا زۆر گەورە بن و لەساتی تردا بەو جۆرە نەبن . هەندێک لەو دیاردە و مەسەلە بەختەوەری هێنانە دەکرێت ئەمانە بن :

یەکەم: باوەڕبون بەخوای گەورە :

ئەگەر باوەڕبون راست و قوڵ بێت لەبونی مرۆڤدا ، رەنگە زۆر ئاراستە و دیاردەکانی ژیان بچنە ناویی و مانای ئارامی بەخشین و ئاسودەیی هێنان لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن ، جا ئەوانە لەروکاری دەرەوەیاندا ئیجابی و باش بن یا سلبی و خراپ بن ، چونکە ئەم باوەڕ هێنانە بەخودا دەروازەی جیهانێکی تری گەورەی نادیار بەروی مرۆڤدا دەکاتەوە ، کە ئەگەر بخرێتە پاڵ ئەم جیهانە دیار و ئاشکرایە و دیاردەکان بەهەردوکیان بپێورێت ، دورنی یە ماناکانیان پێچەوانە ببنەوە و کاریگەری جیاواز لەدەرونی مرۆڤدا بهێننە بونەوە .

مەبەست لەم باوەڕە تەنها باوەڕ بونی خودا نی یە ، تەنها ئەوە نی یە مرۆڤ بڕیار بدات یا دان بنێت بەوەی خودا مافی بەسەریەوە هەیە ، بەڵکو لەوە گەورەترە : هەستێکی تایبەتی قوڵە لە دڵ و دەرونندا وا لەخاوەنەکەی دەکات مەیلی بەلای خودادا بێت ، بەیاد کردنەوەی دڵ ئارام ببێت وشەرمی بەرامبەری لەدڵیدا پەیدا ببێت و بەگەورە و مەزنی بزانێت . مەبەست لەو حاڵەتەیە پیاو چاکان بە حاڵەتی عیرفانی ناوی دەبەن ، ئەو عیرفانەی مرۆڤ بە هۆیەوە هەست بە لەگەڵدابون ونزیکی و چاودێری خودایی دەکات بەسەریەوە ، ئەو بارە دەرونیەیە پێغەمبەر — درودی خوای لەسەر — لەبارەیەوە دەفەرموێت : ( ان تعبد الله كأنک تراه ، فأن لم تكن تراه فأنه يراک )

ئەم هەست بەنزیکی و چاودێری و خۆشەویستی کردنە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی بەختەوەری و راستگۆیی و سەرڕاستی ، وا لەخاوەنەکەی دەکات بەردەوام و بێ پەروا بەپلە بەرزو مرۆڤ دۆستەکاندا هەڵزنێت و لەخیانەت و فێڵ و تاوان کردن دور ببێتەوە.

عەلی کوڕی محمدی کوڕی نضری حاریثی کە یەکێکە لەعاریفان دەڵێت : تەنانەت لە تەنیایی و بێ دەنگی و بێ کەسیش بێزار و بێ تاقەت نابم ، چونکە لە یادمە لەفەرمودەیەکی قودسیدا خودا دەفەرموێت :

(( انا جليس من ذكرني )) من هاودەمی ئەو کەسەم یادم دەکات . جا چۆن کەسێک خودا هاو دەمی بێت هەست بە تەنیایی و بێزاری دەکات.

حەبیبی ئەبو محمد زۆر دەیوت : خوایە گیان ئەوەی چاوی بەتۆ گەش نەبێت و دڵی بەتۆ نەکرێتەوە چی فریای دەکەوێت ، ئەوەی بەتۆ بەختەوەر وئارام نەبێت کێ بەختەوەری دەکات.

چێژی موناجات و هەست کردن بەنزیکی خودا بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ پێویستیەکی جەوهەری مرۆڤایەتی یە ، چونکە داواکاری و فشارە ماددی یەکان زۆر و زەوەندەن و دور نی یە بەزۆر ئاراستە دا تەنگ بە خەڵك هەڵچنن و ماندووبیٚ هیوای بکەن . لەوساتانەی ئەم دیاردە و داواکاری یانە دەبنە ئاوی سوێری دەریا و تینوەکان لێی تێراونابن ، باوەڕداری تەواو پاڵپشتی راستەقینە و مەزنی لەخودای گەورەوە بۆدێت و لەحاڵەکان گەورەتر و بڵندتر دەبێت و هات و نەهاتەکانی رۆژگار هاوسەنگی تێك نادەن .

مرۆڤی باوەڕدار لەسەردەمێکی وا جەنجاڵ و سەرهەڵگردا بە باوەڕێکی پتەو و دڵ پڕ لەنورەوە هەموو هۆکارو ڕێگە شیاوەکان دەگرێتە بەر ، ئیتر سەرەنجامەکەی هەرچی بێت بەدڵێکی رازی و ئارامەوە لە بەردەمیدا دەوەستێت و شۆك و تۆقین روی تیٚ ناكەن . ئەوە دەزانێت ژیان هەر ئەوساتانە نین بەڵكو سبەینیٚ و قیامەتیش ماون و تەرازوە لارەکان هەروا بەلاسەنگی نامێننەوە .

وردەکاری لەبەکارهێنانی هۆکار و ڕێگە چارەکان و رازی بون بەسەرنجامەکان ، ئاست و حاڵەتێکی باوەڕداریی بەرزن ، مرۆڤ لە مل کەچی هۆکارو پاڵنەرە ماددی یەکانەوە دەگوازنەوە بۆ مل کەچی بۆ خودایەك کەخۆشی دەوێت . لەم مانایەدا پێغەمبەر درودی خوای لەسەر دەفەرموێت : ئەگەر خودا یەکێکی خۆش بوێت ، لەژیاندا تاقی دەکاتەوە ، هەرکەس رازی بو لێی رازی دەبێت ، هەرکەسیش تۆرا لێی دەتۆرێت . لەپارانەوەکانیشدا باوەڕدارانی فێر دەکرد لەخوا بپارێنەوە و بڵێن : خودایە لەپاش قەزاو قەدەررەکان رازی بونمان پیٚ ببەخشە .

ئیبن مەسعود لە ئەزمونی خۆیەوە دەڵێت : خودای گەورە بە دادپەروەری خۆی رزگاربون و چارەسەری خستۆتە یەقین و رازی بونەوە ، خەفەت و ئازاریشی خستۆتە تورەبون و هەڵگەڕانەوەوە.

دروستبونی ئەم حاڵەتی ڕازی بونە دەرونی یە بەرامبەر بەخودای گەورە حاڵەتێکی ئیجابی یە ودورە لەو مانا سلبیەی مرۆڤ بیٚ ئیرادە بکات و خۆی بە چارەنوسە نادیارەکان بسپێرێت و لەکەنارەوە راوەستێت لافاوی ژیان بۆ کوێی بەرێت خۆی بە دەمدا بدات . بەڵکو لەپاش ئەو ساتانەوە دێت کەتەواوی تێگەیشتن و لێهاتنی بە کاردێنێت و ئەرکەکانی تەواو دەکات ، ئەوجا سەرەنجامەکانی بەخودا دەسپێرێتەوە ، ئەمەش لەماندوبونی مێشك و بەدبەختی یە دامێنگرەکان قوتاری دەکەن.

عاریف وخواناسان زۆر جار قەناعەتبون و باوەڕیان بەو پاداشتە گەورەی خودا دەیانداتەوە لەم ژیانە یا لەقیامەتدا زۆر گەورەتر بوە لەخودی میحنەت و ئەو دەردو بەڵایەی بەسەریان هاتوە و سەختیەکانی رۆژگار نەیتوانیوە چۆکیان پیٚ دابدات ، هەژاری و نەخۆشی وکەم دەستی و دەربەدەری و نەبونی نەبوەتە بەربەستی بەختەوەری و کاراییان و کەس لەناخەوە ئاخ و هاوارێکی لیٚ نەبیستوون .

چەند مەزن وگەورەو پڕلەرازی بون و بەختەوەری یە کە پێغەمبەر ــ درودی خوای لەسەر ــ لەپاش وەدەرنانی بەو شێوە نەشیاوو نامرۆڤـانەیە لەشاری تائیف و دەست نان بەڕویەوە لەخودا دەپارێتەوە و دەفەرموێت : خوایە گیان ، تۆ پەروەردگارو خاوەنی بیٚ دەسەڵات وکەوتوانی ، خودا و خاوەنی منی ، من بۆ کویٚ دەنێریت و بەکێم دەسپێری؟ دەمدەیتە دەست دورە کەسێك نرخم نەزانیٚ ! یا دوژمنێك جڵەوم بگرێت و سەرنگونم بکات ! خوایە گیان ئێستاش بەم حاڵەوە ئەگەر تۆ لێم نەڕەنجێی و تورە نەبی باکم نی یە، رازی بون و خۆشەویستی تۆ زۆر لەمە فراوانترو گەورەترە ، پەنا دەگرم بەنوری روی پیرۆزت کەتاریکی یەکان روناك دەکاتەوە وکاری دونیا وقامەتی پیٚ هەڵدەسورێت کەلێم بڕەنجێیی و تورەببیت ... خوایە گیان رازیم و هەتا خۆشت رازی دەبیت سەرەنجامەکان دەدەمەوە دەست خۆت ، هێزوتواناو سەرکەوتن هەر لەخۆتەوەیە ...

گیانی مرۆڤ عەوداڵی ئازادی و فراوانیە ، لاشەش بەو داواکاری یە زۆر وکۆتا نەهاتوانەی دەیەوێت کۆت وزنجیری بکات ، بۆیە پێویستی بەهێزو توانایەکی گەورەیە لەودیلی یە قوتاری بکات ، تا قوتاریش نەبێت بەختەوەر نابێت .. لەرۆژگارێکی وەك ئێستاشدا کەداواکاری یەکانی جەستە زۆرتر و چڕتر دەبن ، لەهەموو لایەکەوە هێرش بۆ مرۆڤ دێنن

و هەژار ولاوازی دەکەن ، پێویستی بەڕاپەڕین و ڕابونێکی خودیی بەهێزترە تاگیانی بەو ئازادی یە بمێنێتەوە .

مرۆڤی بێ باوەڕ یا لە خودا دور تا ڕادەیەکی زۆر لەترسێکی بێ دەنگدا دەژی ، ڕەنگە خەڵکانی دەوروبەری پێی بزانن ، یا لەبەر ژاوە ژاوو ڕابواردنی خۆیان سەریان نەپەرژێ لێی تێ بگەن . ئەو مرۆڤانە زۆر لەنەخۆشی و پیری تۆقیون ، زۆر دەترسن بمرن ، دەیانەوێت هەربیری لێ نەکەنەوە ، چونکە نازانن چی دەبێت وسەرەنجام چۆنە؟ یەکێک لەفەیلەسۆفە ڕۆژئاواییەکان جوان ئەم دیمەنە وەسف دەکات : دڵخۆشی و چالاکی گەنج و لاوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەروکاردا مەرگ لێیان دورو نادیارە ،ئەوان بەهەوراز وبەشی یەکەمی ژیاندا سەردەکەون و نەگەیونە لوتکە ، مردن وا لەدیوە سەرەولێژەکەی ترەوەو و لەپاش پیری یەوە دێت . لەو کاتەی مرۆڤـ سەرەوخوار دەبێتەوە بەرەو دۆڵی تاریک و ترسناکی مەرگ هەر لەو تاوانبارە دەچێت زێوانەکانی زیندانەکەی بەزۆر بەرەو پەتی سێدارە پەلکێشی دەکەن . مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێت ژیان کورتە دەبێت زۆر بژی ، هەتا زۆر نەژیین نازانین ژیان چەندە کورت وکەم بووە ، ڕاستی شتەکانیش هەتا تەواو نەبن دەرناکەون.

هەر ئەو فەیلەسوفە دەڵێت : هەتا تەمەنی سی وشەش ساڵی وەک ئەو بازرگانە واین لەسەر قازانجی سەرمایەکەی دەژی ، ژیانی ئەمرۆی لەسەر زیادە و بەرهەمی سەرمایەکەیەتی و هیچی لێ کەم نابێتەو ، بەڵام لەپاش ئەو تەمەنە وەک ئەو بازرگانەمان لێ دێت بازرگانیەکەی دەوەستێت و ناچار دەبێت لە خودی سەرمایەکەی بخوات ، هەربۆیە دەتۆقێت و لەترسی تەواو بونەکەی ئەژنۆی دەشکێت .

کاتێک تارای باوەڕ بەخودابون و ئەو هەست بەنزیکی کردنە بەسەر گیانی مرۆڤدا دەکشێت ئاوا لەترسی جەوهەری قوتاری دەکات : (( إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ، لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ ، لَا يَحْزُنُهُمُ الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ هَذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ )) ئەوانەی لەژیانی پێشیندا لەچاکاندا تۆماربون ، لەسزا و ترسی دۆزەخ دورن ،گوێیان لەکڵپەو ناڵە ونرکەی سوتاندنی نی یە و لەدیوا خانەکانی بەهەشتدا بەنەمری دەمێننەوە ،گەورەیی و ترسی قیامەت خەمباریان ناکات وفریشتەکان پێیان دەڵێن : ئەمە ئەو ڕۆژی ڕێز لێگرتن و پاداشتەیە کەخودا بەڵێنی پێ دابون .

لەروانگەی باوەڕدانەوە کاتێک مرۆڤ تەواوی ئەرکەکانی ژیانی بەجێ هێنا و کەمتەرخەمی نەکرد ، تەنها مردن ڕێگریەتی لەوەی ئەو ڕێزو پاداشتەی چنگ بکەوێت ، بۆیە لەمردن ناتۆقێت ، بەڵکو تەنها بەو دەروازەیەی دەزانێت بەرەو ئەوێ گوزەری پێدا دەکات ، ئیتر گرنگ نی یە لەهەر سەردەم و قۆناغ و ڕۆژێکی تەمەنیدا بێت فەرموی ئەو گوزەرکردنەی لێ دەکرێت .

ئەم باوەڕ وحاڵەتە دەرونییە مرۆڤ فێری دڵسۆزی و ناخ پاکی دەکات ، وای لێ دەکات خزمەت و چاکەی بێ بەرامبەری لێ بوەشێتەوە ، چونکە دڵنیایە ون نابێت و نافەوتێت ، پاداشت و ڕێزە خوداییەکەی گەلێک لەوەی مرۆڤەکانی ئەم ژیانە بەرزو مەزنترە . تاچەندیش ئەم حاڵەتە بەرزو سافتر بێت ئەوەندە زیاتر خەڵکی پێشبڕکێی چاکەی تێدا دەکەن و نمونەی بەرزو وێنەی پرشنگداری مرۆڤانەی تێدا تۆمار دەکەن ، ئەو نمونەو وێنانەی ژیان هەمیشە پێویستی پێیانە تا ماناوچێژەکەی نەفەوتێت.

دەگێرنەوە لەمێژوی ئیسلامیدا جارێک سوپایەک دەوری قەڵایەک دەدات ، زۆر ماندو دەبن بۆیان ناگیرێت ، شەوێک لەتاریکیدا سەربازێکی ڕوهەڵپێچراو دێت و بەسەرکردەکەی سوپاکە دەڵێت : لە شوێنێکەوە کونێکم کردوّتە قەڵاکە ،ئەگەر چەند سەربازێکم لە گەڵدا بنێریت لێوەی دەچینە ژورێ و دەرگاکە دەکەینەوە و سوپاکە دەتوانێت هێرشی لێوە بکات ، سەرکردەکەش چەند کەسێکی لەگەڵدا دەنێرێت ، هەر ئەو شەوە دەرگاکە دەکەنەوە وقەڵاکە خۆی دەدات بەدەستەوە . پاش هێواش بونەوەی بارودۆخەکە سەرکردەکە جاڕ دەدات کێ بوو ئەو سەربازەی کونەکەی کردە قەڵاکە بێت تا خەڵاتی بکەم ، هەتا سێ ڕۆژ کەس ناچێتە لای .پاش ئەوە سەربازێک دێت و پێی دەڵێت : من دەیناسم ، بەڵام بۆ ئەوەی بێتە لات سێ مەرجی هەیە . سەرکردەکە ڕازی بو ، وتی

مەرجەکان چین : ئەویش وتی : یەکەم : نایەوێت خەڵاتی بکەیت ، دوەم : نابێت لای خەڵک بڵێی کێ یەو بەهاوڕێکانی بناسێنێ ، نابێت جارێکی تر بانگی بکەیتەوە .سەرکردەکە وتی : رازیم. سەربازەکەش وتی : دە ئەوکەسە من بوم . ئیتر رۆیشت وکەسیش نەیزانی کێ بوە .. سەرکردەکەش هەتا مردن کەنزای دەکرد دەیوت : خودایە گیان لەقیامەتدا لەگەڵ ئەو سەربازە حەشرم بکە.

دوەم: مام ناوەندێتی :

یەکێک لەسەرچاوەکانی بەختەوەری و ئاسودەبونی ژیان مام ناوەندی بون و هاوسەنگی ڕاگرتنە لەژیاندا ، هەرچی کاری باش و چاکە هەن دەکەونە ناوەندێکەوە ئەمسەرو سەریان کەمتەرخەمی و زیادەڕۆیی یە.

لەبەرئەوەی مرۆڤ تەمەن و توانا و گرنگی دانی بەشتەکان و کاتەکانی دیاری کراوو کەمن ، بۆیە زیادە ڕەوی کردن لەمەسەلەیەکدا هاوسەنگی ژیان تێک دەدات و تاکڕەهەندی بەو مرۆڤەوە دەردەخات ،ئەمەش زۆر مەسەلەی ئیجابی وباش هەڵدەگێرێتەوە بۆ نالەبارو خراپ ، زۆر سەرکەوتن دەکات بەفەوتان و تیا چون .

هەندێک مرۆڤ ئەوەندە چاو لە ئاییندە دەبڕێت و هیواو ئامانجی گەورە دیاری دەکات ، ناتوانێت لە ئێستادا بەختەوەر بژی ، وەختێک بەئاگادێتەوە زۆر لە تەمەنی بەسەرچوە ،ئەمیشی دەچێت وئەویشی دەچێت . چەند نا خۆشە جۆرێک تەمەن بڕوا خاوەنی رابردو و ئێستا نەبیت ودەستیشت بە ئاییندە نەگات . بۆیە گرنگە مرۆڤ مام ناوەند ی یانە بژی و مامەڵەی هاوسەنگ لەگەڵ سەردەم و بەڵێن وخەون وهیواو ئاواتەکانیدا بکات ، تا تەمەنی بە فیڕۆ نەڕوات . ڕەنگە خەڵکانێک ببن لە گەشبینی یا رەشبینی دا نقوم بوبن ، هەردوکیان باس لە شتی چاوەڕوان نەکراو و خەیاڵی دەکەن ، یەکەمیان هەڵوەداو وئۆقرە لێ هەڵگیراوە و چاوەڕێتی کتوپڕی و ساتە پڕ بەختەوەری یەکەیەو ئاگای لە ئێستا نەماوە ، دوەمیش لە داهاتوی نادیار تۆقیوەو دەستی لەسەر دڵیەتی کەی دنیای بەسەردا بڕوخێت و دوبارە ئاگای لە ئێستا نی یە . بەڵام بەئەزمون ئەوە دەردەکەوێت کەژیان بەیاساو قەدەرێکی خودایی ورد دەڕوات و هیوا و ئاواتی گەشبینەکان و تۆقینی رەش بینەکان ناتوانن روداوەکان لێک بدەنەوە.

گرنگە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت خۆی و دەوروبەرکەی لە روبینا و مامەڵە و هەڵوێستی پەرگیرو داکەوتە دور بخاتەوە و لەناوەندا هاوسەنگی خۆی راگرێت . حیسابی ورد بۆ هەموو رەگەز و پێکهاتەکانی ژیانی خۆی بکات تا لە هەڵاوسانی یەکێکیاندا یەکێکی تری لێ نەفەوتێت ونەبێتە مایەی ژیان تاڵی بۆی.

واباشە مرۆڤ لەنێوان هیوا وئاوات و خواستەکانی خۆی وداواکاری وڕێزی دەوروبەریدا مام ناوەندێتی یەک رابگرێت وهیچیان نەکاتە قوربانی ئەوی دی . هەست کردن بەسەرکەوتن و لێهاتن و بەهرە داری وای لێ نەکەن دەوروبەری پشت گوێ بخات و رێزو حیساب بۆکەس نەکات و لەهەڵگرتنی خەم و پێداویستی یەکانیاندا هیچ بەشداری یەکی نەبێت ، چونکە لەحاڵەتی وادا نامۆ دەبێت و تاک دەکەوێتەوە و گەلێک مەترسی و دژواری یەخەی دەگرن ، دەبێت خۆی بەتەنها وبێ هاودەم و هاوڕێ بەگژ ژیاندا بچێت . بۆیە ئەمانە گرنگن چونکە مرۆڤ لە خولخولەی کاروخەریک بون و سەرقاڵی زۆری خۆیەوە رەنگە حیسابیان بۆ نەکات و ببنە نەخۆشی یەکی ژیان.

ئەو پەڕی تری مام ناوەندێتی کە تەممەڵی و خۆبەدەستەوەدان وکەمتەر خەمی یە هەر ترسناک و ژیان تاڵکەرە ، ئەوانەی دەستیان لە خەبات و ماندوبون بەردەدەن و هەمیشە بەکەم وبچوک رازین و دەستیان لەسەر کلاوی شڕیانە با نەیبات ، هەمیشە مەیلیان بەلای کاری ئاسان و بێ بەرهەمەوەیە توانا و بەهرەکانیان دەپوکێتەوە و دەبنە مشە خۆری بێ دەسەڵاتی سەرخوانی ژیان ، هەر وەردەگرن و هیچیان نابێت ببەخشن .. ئەو حاڵەتەش بەختەوەریان ناکات و زوو بەرچاو دەکەون.

سێ یەم: قەناعەت و رازی بون بەبەش:

بونی قەناعەتی دەرونی و چاوپڕبونەوە یەکێکە لەسەرچاوەکانی بەختەوەری . ئەگەر مرۆڤێک وای نیاز بێت هەرچی هەیە و هەرچی بەخەیاڵیدا دێت پێویستە چنگی بکەوێت و

لەهیچی کەم نەبێت ، ئەوەجۆرێکە لەشێتی ، هەروەک چۆن پشت هەڵکردن و وازهێنانی تەواو لە هەمو خۆشی وداواکاری یەکانی ژیان جۆرێکی تری شێتی یە...قەناعەتیش ئەو ژیری و داناییەیە کەهاوسەنگی لەنێوان ئەو دوجەمسەرەدا دروست دەکات .

بەختەوەری لەوساتەدا وەدیاردەکەوێت کەمرۆڤ لەوەتێ بگات مەرج نی یە هەرچی دەوێت و ئارەزویەتی چنگی بکەوێت ، بەڵکو پێویستە هێندەی بۆ لوان و توانا و بەهرە و لێهاتنەکانی حەزو ئارەزوەکانی کۆنتروڵ بکات ، ئەگەر کۆنترۆڵ نەما حەزو ئارەزوەکان وەک رێگەی بێ کۆتایی و دەریای بێ بنیان لێ دێت ، بەجۆرێک ئەگەر یەکێک شاخێکی ئاڵتونی هەبێت چاوەڕێی شاخێکی ترە ودڵی ئیسراحەت ناکات .

زۆر لەئاراستە و ڕێنموییەکانی پێغەمبەر ــ درودی خوای لەسەر ــ بەم ئاراستەیەن و مرۆڤ هەڵدەنێن خۆی لەسەر جۆرێک لە چاوتێربون رابهێنێت ، بەوەی لەدەوڵەمەندی و ساماندار و بونی پێداویستی یەکاندا سەیری ئەوانە نەکات لەسەرو خۆیەوەن ، چونکە زۆر زەحمەتە بگاتە ئەو ئاستەی لەوە دڵنیابێت کەس لەسەرویەوە نی یە ، بەڵکو واباشە بۆپشودانی دەرونی و قەناعەت بون سەیری ئەوانەش بکات کە لەخواریەوەن وکەمتر و بچوکتر بەشیان بەرکەوتوە ، تەنها لەم کاتانەدا نرخ و بەهای بونەکەی خۆی لادروست دەبێت و کەلێنێکی دەرونی بۆ پڕدەبێتەوە ، دەنا هەرچەندی ببێت لای دەبێتە هیچ و هەمیشە خۆی بەکەم وبرسی وهەژار و نەدار دێتە بەرچاو ، هەربۆیە وتویانە: قەناعەت گەوهەرێکی لەناونەچوە . ئەم مەسەلەی قەناعەتە بۆ روکارە ماددی وخۆشی هێنە دونیاییەکان خزمەت بە دەرونی مرۆڤ دەکات ، هەرچی بابەتەکانی زانست و ئایین پەروەری و خزمەتگوزاری و پیاوەتی کردنن مەیدانی ململانێی و پێشبرکێی راستەقینەن و شایەنی ئەوەن مرۆڤ تیایاندا هەمیشە سەیری ئەوانەی سەروخۆی و لەخۆی چاکترەکان بکات..

دەگێڕنەوە یەکێک پێڵاوەکانی دڕابوو دەگەڕا جوتێک پێڵاوی شیاو بکرێت ،کەمێک گەڕاو ماندوبوو ، لەوە بێزاربو بەدڵی خۆی پێڵاوی دەست ناکەوێت ، لەدوکانێک هاتە دەرێ و چاوی بەکابرایەک کەوت کە هەردو قاچی براونەتەوە و قاچی نی یە پێڵاوی بۆ بکرێت .

زۆرن ئەوانەی چاویان لەو هەموو نیعمەت و بونە زۆرەی خۆیان نی یە ودڵتەنگ و چاو بەفرمێسکن بۆ ئەو شتانەی کەنیانە یا لەکیسیان چوە ، لایان وایە ئەو بەختەوەریی یەی چنگیان نەکەوتوە بەوەی هەیانە خۆی لەوەدا حەشارداوە کەنیانە، یا کەسانێک دەبینن نیعمەتێکیان پێوە دیارە ، ئیتر وا دێتە بەرچاویان کە جگە لەوە هیچ خەم وئازاروتەنگ وچەڵەمەیان نی یە ولەوپەڕی بەختەوەریدان .

بەختەوەری ناخی مرۆڤ زۆرجار بەدەرکەوتن و ئاشکرابون و بەراوردکردن و هیوا و ئاواتی بێ سنور لەناو دەچێت .. گرنگە مرۆڤ بزانێت بەختەوەری رەنگە لەگەڵ هەژاری و نەخۆشی وکەم دەستیشدا هەربونی هەبێت . رەنگە بەختەوەری ئەو چۆلەکە بچکۆلەیەی تەنها دەنکە گەنمێکی چنگ کەوتوە هیچی لەبەختەوەری ئەو فیلە کەمتر نەبێت بەدەیان کیلۆ خواردن دەخوات ، چونکە هەردوکیان حاڵەتی تێرییان بۆ دروست دەبێت . بەختەوەری یە مرۆڤ لەوە دڵنیابێت ناخۆشی و نەبونی یەکان تاسەرنین و دەرگاکان هەر بەداخراوی نامێننەوە ، زستان چەندە سەخت وسەرما بێت و بەفر ڕوی زەوی داپۆشێت هەردەبێت بەهار بێتەوە و کانیاوەکان بژێنەوە و زەوی سەوز هەڵبگەڕێتەوە .

پیاوێک لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی پرسی : چی باشترین کارو فێربونێکە کوڕەکەمی لەسەر ڕابێنم ، ئەویش پێی وت : فێری گەورەترین تێگەیشتنی لە ژیان بکە ؟ کابرا وتی ئەو گەورەترین تێگەیشتنە چی یە؟ ئەویش وتی : چاوتێری دەست تێنەچونی ئازاردانی خەڵکە .

### چوارەم :جموجوڵ وکارکردن

لێکۆڵەران ودانایان لەسەر ئەوە کۆکن کەیەکێک لەسەرچاوەکانی بەختەوەری مرۆڤ ئەو کارو بەرپرسیاریەتیانە یە کەدەیگرێتە ئەستۆ ، ئەوانەی هەمیشە بێ کارو بەتاڵەن زۆر زەحمەتە

هەست بە بەختەوەری بکەن ، هەروەک وتویانە : لەش ساغی تا جەگوڵینەیەکە بەسەر مرۆڤە ساغەکانەوە ونەخۆشەکان بەباشی هەستی پێ دەکەن ، بەهەمان شێوە کارکردن و بەر پرسیاریەتیش تاجەگوڵینەیەکە بەسەر خەڵکەوە تابەتاڵەو بێ کار نەکەون هەستی پێ ناکەن . هەرکەس لای وابێت بەختەوەری لەبێ کاری و دورە پەرێزی لە ئەستۆ نەگرتنی بەرپرسیاریەتیدایە شوێن خەیاڵێکی تاڵ کەوتوە ، ژیان چ مانایەکی دەمێنێت ئەگەر لە جموجوڵ وبەرپرسیاریەتی وداواکاری وئەرکەکان خاڵی بێت !

مەبەست لەم سەرچاوەی بەختەوەری یە هەمو جۆرە کارە مەشروع و حەلاڵەکانە ، هەموو ئەو جموجولانەی شتێک بۆ ئەم ژیانە زیاددەکەن و جۆرە خزمەتێک دەهێننە بون ، لێرەوەیە گرنگە بیرو بۆچونەکان بەرامبەر پیرۆزی کار بەگشتی راست بکرێنەوە ، هیچ جۆرە کارێک عەیب و بچوک ونەنگی نی یە بۆ خاوەنەکەی ئەگەر لەسنوری رەوشت و شەرعیەتدا بێت ، بەڵکو سەربەرزی و مانای بونە بۆ خاوەنەکەی وکارەگەورە و گرنگەکانی پێ جوان و تەواو دەبێت.. لەم باسەدایە پێغەمبەر ــ درودی خوای لەسەر ــ بەهاوەڵەکانی دەفەرموو : ئەگەر یەکێکتان گوریس و تەوراسەکەی بەرێتە شاخ و کۆڵە دارێک بێنێتەوە بیفرۆشێت زۆر باشترە لەوەی دەست لە خەڵک پان بکاتەوە ، جا بیدەنێ یا پشتی تێ بکەن . خۆخەریك کردن بەکاری سودمەندەوە سەرچاوەیەکی باشی بەختەوەری یە ودەکرێت زیاتری لەسەر بوترێت:

1. خۆخەریک کردن بەکارێکەوە مرۆڤ لەخەیاڵ و ئەندێشە و سەریەشە دوردەخاتەوە . کەم کەس هەیە بەقەیرانی دارارییدا تێنەپەڕێت ، نی یە نشوستی ونوچ دان وکەوتنی بەسەردا نەیەت ، هەمو کەس دڵە ڕاوکێی و بێ تاقەتی توش دەبێت کاتێک کوڕەکەی یا منداڵەکانی نەخۆش دەبن ، لەخوێندن یا پرۆژەیەکی تری ژیانیدا سەرناکەون ، لەگەڵ خێزانی یا هاوڕێ یەکی توشی دەمەقاڵێ و هەرا دەبێت .. لێزانین و دانایی لەم کاتانەدا ئەوە نی یە مرۆڤ خۆی لەهەمو شت داببرێت و بۆئەو ئازارانە یەکلابێتەوە و بیکاتە خەمی گەورەی ، سەری دونیای لێ بێتەوە یەک و ببێتە کۆیلەی ئەو حاڵەتانە ، بەتایبەتی ئەگەر تێکەوتن یا دەربازبوون لێیان لەسەرو تواناو وزەی مرۆڤەکەوە بێت .

2. کارکردن با کەم و بچوکیش بێت بەزاندنی سنوری بڕوا بەخۆنەبون و ترسە سەرەتا و هەنگاوی یەکەمی کارەکان هەرچەند بچوک وکەمیش بن وکاریگەری وابەجێ نەهێڵن ، بەڵام لەڕوی دەرونی و واقیعی یەوە کاریگەری گەورەیان بۆ خاوەنەکانیان هەیە، چونکە لەو کاتانەدا بەهاو نرخی ڕاستەقینەی خۆیان و بەهرەکانیان دەردەکەون ، لەوێدا مرۆڤ حاڵی دەبێت کەمی و پێداویستە سەرەکی یەکانی چین . ئەوانەی ناوێرن دەست پێ بکەن وگەورەیی کارەکان دەیان تۆقێنێت لە وەهم و خەیاڵێکی تاڵ وبەردەوامدا دیل دەبن و بەرامبەر خۆیان وواقیعەکەیان بێ هیواو ڕەشبین دەبن ..

سڵەمینەوە لە هەنگاوی یەکەم مرۆڤ دەسەوەسان و بەدگومان دەکات لەخۆی ، چەندین بیرۆکەو خەیاڵی جوان و عەمەلی بەزیندانکراوی دەمێننەوە و بەرەوپوکانەوە و مردن دەچن ، تەنها لەبەر ئەوەی خاوەنەکانیان دوچاری ترسان بون لەیەکەم هەنگاو . لەگەڵ دەسپێکردنی کارێکدا زۆر لەدراو و زانراوەکانی واقیع دەگۆڕێن و دەردەکەوێت بەربەستەکان بچوکترن لەوەی لەسەرەتاوە دەردەکەوتن . هەنگاوی یەکەم مامەڵەیە لەگەڵ مومکین و توانا و بەهرە ئامادەکاندا و رۆشتن و سەرکەوتنە بەرەو ئەو قۆناغ وکارانەی وەک موستەحیل و مەحاڵ زەمانێکە خۆیان نواندوە.

3. جێگەی خۆیەتی گەورەیی وگرنگی کارەکان بکرێنە پێوەر بۆ ژیان لەحاڵەتە ئاساییەکاندا خەڵک وافێربون تەمەن بەکاتژمێر و رۆژ و مانگ و ساڵەکان بپێون ، لەوەشەوە وا دەردەچێت کێ زۆرترین ماوە مابێتەوە و درێژترین تەمەنی گوزەراند بێت بەختەوەر و شادمان بوە و ئەوانەش کەم ژیاون زو گوزەریان بەرەو مەرگ کردوە فریا نەکەوتون لە خۆشی و لەزەتەکانی ئەم ژیانە بەرن و بەختەوەر نەبون...بەڵام هەڵڕوانینی ورد پێز بەم تێڕوانینەوە ناهێڵێت و پێوەرێکی تری ژیان داوادەکات.

ڕەنگە جوانترین پێوەر بۆ ژیان ئەو داهێنان وکارو خزمەتانە بێت کە مرۆڤ پێشکەش بەو خەڵک وژیانەی دەوروبەری دەکات ، ژیانی ڕاستەقینە و بەختەوەریش ئەوەیە زۆرترین وگەورەترین کارو خزمەتی لەسەر کرابێتە خەڵات و دیاری بۆ خەڵک و جەنجاڵ بێت بەبیرو ئەندێشەی مەزن و داهێنانی جوان .

زۆرن ئەوانەی سەد ساڵ و زیاتریش دەژین و هەر بەمردنیان ناویان کوێر دەبێتەوە و هیچیان لە پاش بەجێ نامێنێت و مێژو نایانگرێتە خۆی چونکە جێ پێی و شوێنکاریان نی یە . پێغەمبەری خودا ــ درودی خوای لەسەر ــ تەنها شەست و سێ ساڵ ژیا ، کەچی ئەو کاریگەریەی بەجێ هێشتوە زۆر گەورەترە لە ملیۆنەها کەسی تر کەپێش ئەوو پاش ئەویش ژیاون و دەژین ، ئێستا و هەتا قیامەتیش لەدڵەکاندا دەژی و بەهۆی کاروکردەوە جوانەکانیەوە بەڕێزەوە ناوی دەخەنە سەرچاوان . پێشەوا شافعی تەنها پەنجا و پێنج ساڵ و پێشەوا نەوەوی تەنها چل وپێنج ساڵ ژیاون ، بەڵام ئاشکرایە بەرهەم و کاریگەرییان چەند لەو ماوە کەمەیان زۆرترە . سەیرکردنی ژیان بەم پێوەری کارو داهێنانە پاڵنەرو ڕێزی گەورە لەناخی مرۆڤدا دروست دەکات و بەرەو داهێنان و تازەکاری دەبات .

4 ــ ڕێك و پێکی لەئەنجامدانی کاردا مایەی بەختەوەری یە

هەندێك لەو کارە لاوەکی یانەی خەڵك خۆیانی پێوە خەریك دەکەن و مەبەست تێیدا تەنها شکاندی ڕۆتین و لابردنی بێزاری و دوبارە بونەوەی شتەکانە و ، ڕەنگە ئەگەر زۆر بەوردەکاری و ڕێك وپێکی ونەخشە داڕێژرانیشەوە ئەنجام نەدرێن زۆر گرنگ نەبن ، چونکە لەو ساتانەدا خودی کارەکە خۆی مەبەستە نەك سەرەنجام وجێکەوتەکانی . کەیەکێك وەك حەزو خولیایەکی خۆی دەچێت بۆ ڕاوە ماسی و یاری بەقولاپەکەی دەکات مەبەستی پەیدا کردنی بژێو و ژەمەکانی خۆی و خێزانەکەی نی یە ،تەنها دەیەوێت کاتێکی خۆشی لێ بگوزەرێت و کەمێك پشو بدات ، بۆیە ڕێژە و بڕی ماسی یەکانی بەلاوە گرنگ نی یە ، ئەگەر چی پێوە بونی ماسی گەورە و باش دڵخۆشی دەکەن . ئەم جۆرە کارانە ئەگەر داهێنان و وردەکاریشیان لەگەڵ خەرج نەکرێت ئاساییە ، بەڵام هێندە هەیە ناگونجێت زۆر درێژە بخایەنن و کات بگرن .

ئەو کارانەش کەبەمەبەست ئەنجام دەدرێن و خاوەنەکانیان چاوەڕێی سەرەنجام و جێکەوتەکانیان دەکەن ، جێی خۆیەتی ئەوپەڕی وردەکاری ونەخشە سازییان لەگەڵ بەکار بێت و لەهەموو هۆکار و لەمپەرەکانی خراپ بون و سەرنەکەوتن بپارێزرێن ، ئەگەر وانەبن ئەوا بێ متمانەیی و پشێوی زۆر لەکەسایەتی خاوەنەکانیاندا دەردەخەن و توشی ناڕەحەتی و خەمباریان دەکەن و لەبەرامبەرەکانیشیانەوە بەکەم دەسەڵات وکەم تەرخەم و نابەرپرس دەدرێنە قەڵەم .

ئەو حاڵەتەی سەرەوە لەوکەسانەدا زۆر ڕودەدات کە بەبێ دڵی خۆیان دەخرێنە سەر کارێك و ڕۆژگار و دەوروبەر دەیانخاتە سوچێکەوە کە بەدڵیان نی یە ، لەوکاتانەدا هەمیشە خەریکی بێزاری و ئاخ و ئۆف دەربڕین و هەست بەکەمی کردنن و ئەو کارکردنەیان هیچ دڵخۆشیان ناکات ، مەگەر تەنها لەوکاتانەی موچەکەیان وەردەگرن ، بۆیەش ناتوانن داهێنان و نوێکاری تێدا بکەن .

داهێنان و وردەکاری لەکاردا یەکێکە لەوسیفەتانەی خوای گەورە حەز دەکات لە مرۆڤدا دەربکەون ، وەك پێغەمبەر ــ درودی خوای لەسەر ــ دەفەرموێت : (( ان الله یحب اذا عمل احدکم عملا ان یتقنه )) چیرۆکی داهێنەرو وکەسە لێهاتوەکان ئەوە دەردەخەن تەنانەت کەم ئەندامی وکەم دەستی نابنە ڕێگر لەم مەسەلەیەدا و جاربوە کە پێداویستی یەکی جدی کەسێکی کەم ئەندام وای کردوە هێندە بیر بکاتەوە داهێنانێکی نوێ لە بواری پێداویستی یەکەی خۆیدا بەرهەم بهێنێت .

پێنجەم: ئیجابی بون و ڕوبەخەندەیی و پێکەنین

ڕوخۆشی و پێکەنین و ئیجابی بون کاریگەرییەکی گەورەی دەرونیان هەیە و زۆر پشو حەوانەوە بۆ مرۆڤ دەهێنن و دەتوانن بارو دۆخەکان بگۆڕن ، لەهەر حاڵێکدا بێت ، تەنانەت ئەو ساتانەی یەکێ دەیەوێت خۆشی وپێکەنین بۆ خەڵکانی تر بهێنێت . دڵخۆشبون و

هەوڵدان بۆ دڵخۆشكردنی خەڵك وزەردەخەنە كردن یەكێكن لە پێداویستی یە بەردەوامەكانی مرۆڤ.

مژدە بەخشینی خۆش بەمرۆڤ گیان و خەیاڵی بەرەو خۆشترین هیوا و ئاوات و خۆزگەكان ئاراستە دەكەن و بارودۆخ و ساتی مژدە دانەكە پڕدەكەن لەخۆشی و كامەرانی و ، خەم و ئازارەكان لادەبەن .

لەم سۆنگەوەیە كە قورئانی پیرۆزە گەلێ مژدەی دڵخۆشكەر بە باوەڕداران دەدات (( فَبَشِّرْ عِبَادِ،الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ )) مژدە بەو كەسانە بدە كە گوێ بۆ وتەو قسەكان دەگرن و شوێن باشترینیان دەكەون . (( وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ )) : مژدە بدە بەوانەی باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكان ئەنجام دەدەن كە پاداشتیان بەهەشتانێكە جۆگە و روباری بەژێردا دەڕۆن.

پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر دەفەرموێت(( تبسمك في وجه اخيك صدقة لك )) : زەردەخەنەیەك بەڕوی براكەتدا خێرو چاكەیە.

پێكەنین و زەردەخەنە كردن بەروی خەڵكدا سەرەتا كاریگەری و باشی یەكەی بۆ مرۆڤەكە خۆی دەگەرێتەوە ، یەكێك هەتا خۆی دڵخۆش و بەختەوەر نەبێت ناتوانێت ئەو مەسەلەیە بخاتە سەر روی و بۆ بەرامبەرەكانی بگوێزێتەوە . سروشتی دڵخۆشی وایە ئاسان دەگوێزرێتەوە بۆ خەڵكانی تر .

گوێلێبونی قسەیەكی خۆش و پێكەنیناوی یا پێشبینی كردنی خۆشی یەك دەرونی مرۆڤ پڕ لەخۆشەویستی و هاوڕێ یەتی و برایەتی و متمانە دەكات و جیاوازی یە كۆمەلآیەتی و رۆشنبیری یەكان دەتوێنێتەوە ، كەخەڵك لەگەرمەی پێكەنین و خۆشیدا چاویان بەچاوی یەكتردا دەتەقێت جۆرێك لەكرانەوە ونزم بونەوەی فشاری نێوانیان دروست دەبێت و هەست و هۆشی ڕێز و هۆگری و پاكی و متمانە لەنێوانیاندا دەگوێزرێتەوە ، ئەمەش كارلێكێكی سەیر و گرنگە ، بۆیە هەندێك لە لێكۆڵینەوەكان وایان باس كردوە كە مرۆڤی سروشت پێكەنیناوی و قسە خۆش تەمەنی درێژترە لەوانەی هەمیشە خەمۆكی و رەشبینی بەسەریاندا زاڵە . روخۆشی و دەم بەپێكەنین بێ گەردی و نیازپاكی مرۆڤ پیشان دەدات و لەلوت بەرزی و خۆ بەزل زانین قوتاری دەكات.

ئیجابی بون و كرانەوە گەشبینی لەفیكر و تێگەیشتنەكاندا دەرگای روخۆشی لەمرۆڤ دەكەنەوە ، ئەوەی تێ دەگەیەنن پێویستە دەرگەكان بكرێنەوە و بۆهەمیشە داخراو نەبن ، شەوەكان چەند درێژبن هەردەبێت رۆژیان بەدوادا بێت و تەنگ و چەڵەمە نی یە چارەسەری نەبێت . جێگەی داخە زۆرێك دەبینرێت هەمیشە روی كار و گفتوگۆ و دیاردەكان لە رێگا و كۆڵانە داخراوەكان دەكەن و هەمیشە بیروڕاكانیان سلبی و ئەژنۆ شكێن و پڕنەهامەتی یە ، هەرئاسۆ و مەودایەكی باشیان بێتە بەردەم بە بیرهێنانەوەی كۆسپ وتەنگەبەری و نوچ دان لەخۆیان و خەڵكی تێك دەدەن وگیانی رەشبینی و بێ ئومێدی و دەسەوسانی بڵاودەكەنەوە.

رۆشنبیری و خووی دەم بەپێكەنین یەكێكن لە پێداویستی یە سەرەكی و گرنگەكانی ژیان ، ئەوەی مرۆڤ لەوەحاڵی بێت هەر دەرگایەك داخرا بێ گومان لە پاڵیدا دەرگایەك كراوەتەوە ، مەگەر ئەو كەسە بەسروشتی خۆی یا پەروەردە و پێگەیشتنی ئەوەندە چاو ببڕێتە دەركە داخراوەكە دەركە كراوەكەی لێ ون ببێت و هەمیشە واتێ بگات لەژێر دارێكدایە گەڵای پێوە نی یە ، ئەم جۆرە بیركردنەوەیەش بەردەوام دەسەوسانی و بەتاڵەیی و تەممەڵی و وێڵی و دانیشتن دەكەنە بەشی مرۆڤ و هەرگیز خۆشی لەپاش خۆیانەوە ناهێنن .

شەشەم:دڵنیابون لەوەی وێناكردن بۆشتەكان پڕاوپڕ نی یە

زۆر تەنگ و چەڵەمە و نارەحەتی خەڵك لەوێوە دێت كە ئەو گۆشەنیگایەی خۆیان شت و دیاردەكانی لێوە دەبینن دەكەنە حوكمی كۆتایی و گشتی و بەوە ڕازی نابن كە ئەو دیاردە و شتانە دەكرێت لایەن و گۆشەی بینینی تریان هەبێت و حوكمەكەی ئەمیش بە گۆشەنیگاكەی خۆیەوە بەستراوە .

گۆشە بینین بۆ شت و دیاردەکان ئەگەر تێگەیشتن و حاڵی بون لە بەرامبەریان هەبێت دەبێتە نیعمەت و خۆشی بۆ ژیان ، چونکە بوار و کات بۆ گۆشەنیگاکانی تریش دەکاتەوە رۆڵ ببینن ، ئەگەر تێگەیشتنیش نەبێت بەرامبەری دەبێتە بەڵاو نارەحەتی بۆ خاوەنەکەی و بۆ خەڵکیش ، چونکە بوار بۆ گۆشە نیگاو بیروڕاکانی تر ناهێڵتەوە و ناکۆکی دەهێنێتە کایەوە . زۆر ئەو لێکۆڵینەوە وشی کردنەوانەی ناوەندە فیکری وزانستی یەکان ئەنجامی دەدەن ، دەرگاکانی بەکراوەیی بەجێ دەهێڵن و وادەیبینن هێشتا مەسەلەکەیان شیاوی لێکۆڵینەوی زیاترە و دەشێت روکاری تری هەبێت و قسەی تری یان تێدا بێتە ئاراوە .

بۆ زیاتر رون بونەوەی ئەم چەمکە ئەم رون کراوانە گرنگن:

یەک: زۆر جار بێزاری و نارەزایی و رەخنە لەخەڵکی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا وێنەکە بە تەواوی دەرنەکەوتوە ،کەچی حوکمی کۆتایی و بڕیاری پڕاو پڕی بەسەردا دراوە . چەند جار دەنگە دەنگ و ناخۆشی لەنێوان دوکەس یا خێزان یا لایەندا دروست بوە ، کەچی پاش لێکۆڵینەوە و وردبونەوە دەرکەوتوە تەنها خراپ تێگەیشتن و ولێک حاڵی نەبون بوە.

پیاوێک بەسێ منداڵەوە لە فارغۆنی شەمەندەفەرێکدا سوار بوو ، هێندەی نەبرد منداڵەکانی کەوتنە بزێوی و هاوارو قیژە ، پیاوەکەش چاوی لەیەک نابو بخەوێت ، خەڵکی ناو شەمەندەفەرەکە بەم حاڵەتە هەراسان بون ، یەکێکیان بە پیاوەکەی وت: منداڵەکانت بێزاریان کردین و پێویستە سنورێکیان بۆ دابنێیت.. بەڵام پیاوەکە فرمێسک بەچاوی دا هاتە خوارەوە وتی : ئەم بەیانی یە دایکیان مردوە ، ناتوانم زۆر فشاریان بخەمە سەر.. خەڵکەکە بەبیستنی ئەم هەواڵە لەباوکیانەوە بیروڕایان گۆڕاو کەوتنە دڵخۆشکردن و لاکردنەوە بەلای منداڵەکاندا و بارودۆخەکەیان بەئاسایی وەرگرت .

دوو:هەموو ڕاستی یەک چەند سێبەرێکی جیاوازی هەیە ، هەر مرۆڤەی سێبەرێکی بەردەکەوێت لەسۆنگەی ئەو سێبەرەوە پەیوەندی بەو ڕاستی یەوە دادەمەزرێنێت ، دیاریکردنی ئەو سێبەرەش پەیوەندی بە دیدگای مرۆڤەکانەوە هەیە بۆ ژیان . واتە دەگونجێت یەک راستی چەندین تەفسیری جیاواز هەڵبگرێت .گرنگە مرۆڤ لەپاش پەیوەست بون بەبنەما فیکری وباوەڕی یەکانی خۆیەوە چنگ لەولێکدانەوەیە توند بکات کە گەشبینی و دڵخۆشی زیاتر دەخوڵقێنێت . لەو روانگەوەیە خوای گەورە جەخت دەکاتەوە مرۆڤ چەند جارێک سەیری مەسەلەکان بکات و لایەن و روگەی جیاوازی یان لێ بدۆزێتەوە : (( وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا )).

بۆ نمونە: مردن حەقیقەتێکی گەردونی جێگیرە وکەس لاری لێی نی یە ، زۆرێک لە خەڵک تەنانەت ئەوانەی لەژیانیشدا بەدبەخت وکەم دەستن ڕقیان لێی دەبێتەوە و لێی تۆقیون ، بەو حیسابەی چونی مرۆڤە بەرەو ئایندەیەکی نادیار و پڕلە سزاو سەختی ، ئەمە سێبەرێکی مردنە ، دەگونجێت لەلایەکی ترەوە سەیری بکرێت کە پردو دەروازەی پەڕینەوەیە بۆ نەمری وخۆشی یەکانی بەهەشت .

بیلالی حەبەشی لەسەرە مەرگیدا خێزانەکەی بەسەریدا دەگریاو دەلالایەوە بۆ دەست لێک بەردان و لێک جوێ بونەوەیان و باسی لەوە دەکرد چەند گرانە بێ ئەو کاروباری خێزان و ژیان بەرێ بکات وکێ یارمەتی دەدات ، بەڵام بیلال چاوی هەڵبڕی و پێی وت : هەرلەپاش ساتەکانی ئەم مردنە ، دەگەمەوە بەپێغەمبەرو هاوەڵان ..

پیاوێک تەمەنی هەشتا ساڵ بوو ، نامەیەکی بۆ ئەوە هاورێی یەی نوسی کەتەمەنی گەیشتبوە شەست و هێشتا لەش و تەندروستی باش بوو پێی دەوت: پیرۆزباییت لێ دەکەم کە بەتوانا و تەندروستی باشەوە شەستەمین ساڵی تەمەنت بەرێکرد ، ئێستا مێشک و خیبرەی ژیانت لەکاتەکانی تر گەورەترە دەتوانیت خۆت بەرێوەبەیت و خەڵکیش ئاراستە بکەیت ، دەتوانیت زۆر شتی تازە لە ژیاندا بدۆزیتەوە و خزمەتی باش پێشکەش بکەیت . هاورێکەم وانەزانی تۆ بەرەو ئاوابوون هەنگاو دەنێیت ، نەخێر ئێستا پێت ناوەتە سەرەتایەکی نوێ وە وبەرەو مەیدانی راوێژکاری و ژیانناسی راستەقینە دەچیت . ئەمەشت تەنها کاتێک بۆ دروست دەبێت کە وەک من بیری لێ بکەیتەوە لەم

گۆشەیەوە بۆی بڕوانی . پێویستە بەهەمو ماناکانی ژیانەوە بژین ، خۆشی و پشوەکانی بچەژین و سەختی و قورسی و ئازارەکانیشی لە ئەستۆ بگرین .

سێ یەم : گەلێ سەختە ئەگەر مرۆڤ وا بیر بکاتەوە هەمیشە لەسەردەمی زێڕین و کاتەکانی هات و خۆشیدا دەژی و هەموو ئەوانەی حەزیان لێ دەکات بە هیوایانە دەبێت چنگیان بخات و نابێت هیچی لە دەست بچێت .ئەمەش مانای تاقی کردنەوە ـــ ابتلا ءـــ ـــە لەژیاندا و مرۆڤـ دەخاتە بەردەم واقیع و رۆژەکانی .

دانایان دەڵێن : خوای گەورە ژیانی دنیای بۆ تاقی کردنەوەی مرۆڤەکان بەدی هێناوە و هەمو مەرجەکانی ئەو تاقی کردنەوەیەشی تێدایە . بەهەشتی دروست کردوە بۆ رێزگرتن هەموو مەرجەکانی ئەو رێزگرتنەشی تێدایە ، دۆزەخیشی بەدیهێناوە بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ستەمکارو تاوانباران و هەموو مەرجەکانی ئەو تۆڵە سەندنەوەیەشی تێدایە.

کاتێ ئەم راستی یانە وەک خۆیان دەزانین لەوە حاڵی دەبین: کامەرانی و بەختەوەری بەری درەختێک نین ئێمە لەژێریدا پاڵ بکەوین و ئەویش بەربێتەوە بۆناو دەممان . ئێمە لەم ژیانەدا لەبەهەشتدا نین تا چیمان دەوێت چنگمان بکەوێت .. ئەمە دنیایە نەخۆشی و هەژاری و تەنگ و چەڵەمە و کێ برکێ و هەوڵە دژەیەکەکان رۆڵی تێدا دەبینن ، بۆیە مرۆڤ واباشە ئەوە بزانێت کە بەختەوەری بەرێکەوت و لەپیاسەی سەرشەقامێکی گشتی دا توشی نابێت ، یا دیاری و خەڵاتێک نی یە لە بۆنەیەکی تایبەتدا پێی ببەخشرێت . بەڵکو بەختەوەری خەباتی ژیان ماندوبون و بەرامبەر بونەوەی قەدەرە ناخۆشیەکانی ئەم ژیانەیە .

بەختەوەری بەدەست هێنان خەباتێکی سەرەمڕی دەوێت ، هەڵەیە مرۆڤێک دەسەوەسان بەدەم تەنگ و چەڵەمە ونەهاتی یەکانیەوە دۆش دامێنێ ، هەڵەیە کارلێک و حەماسەتی بەرامبەر مەسەلە جەوهەری و سەرەکی یەکان نەبێت ، هەڵەیە کات و توانای لە روداوێکدا سەرف بکات کە ناتوانێت خۆی لێ لادا . هەڵەیە کارە جدی و سەرەکی یەکانی لەگەڵ کارە ناوەندی و کەم گرنگەکان لێ تێکەڵ بێت . مرۆڤ پێویستی بە دانایی و تێگەشتنێکی هاوسەنگە تافێری بکات بۆ چ مەسەلەو لەچ کاتێک خۆی تەسلیم بکات و لەکامە مەسەلەو کاتیشدا پێویستە بەرەنگاری و دژەکاری هەبێت.

چوار: تێگەیشتن لە سروشتی ژیان رێگەیەکی بەختەوەری یە ، سروشتی ژیان بە هەموو خۆشی و ناخۆشی یەکانی یەوە ، بەئاسانی وگرانی یەکانی یەوە ، ئەمەیە جۆرێک لە دانایی بە مرۆڤـ دەبەخشێت زۆرتر هاوسەنگ و راست رەوی دەکات ، چونکە ئاشکرایە چێژو خۆشی یەکانی ژیان مانای راستەقینەیان نامێنێت تا لەپاڵ تاڵی و ناخۆشیەکانەوە وێنەیان نەگیرێت . ئەو کەسەی تاڵی یەکان نەچەشێت خۆشی یەکانیش بەختەوەری ناکەن . مرۆڤی ناشیرین و کەم ڕو باشی زۆری بەسەر مرۆڤە جوان و روداوەکانەوە هەیە ، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە جوانی و ڕوداری ئەوان دەرنەدەکەوت . ئەوەی هەر لە خۆشی و لەزەتەکاندا لە دایک ببێ و تێیاندا بتلێتەوە ، قیمەت و نرخیان نازانێ ئەگەر ماوەیەک نەبونی و گرانی نەبینێت . نرخی ئاو لەکاتی تینویەتی و بەهای خواردن لە کاتی برسیەتیدا دەردەکەون .

خۆشترین خەو ئەو خەوەیە مرۆڤ لەپاش ماندوبونێکی زۆری جەستەی ئەنجامی بدات ، ئاسایش و ئارامی تا بەراورد نەکرێن بەترس و دڵەڕاوکێ چێژ نابەخشن ، ئەوەی هەژاری نەدی بێت نرخی دەوڵەمەندی نازانێت .

سروشتی ژیان بەم شێوەیەیە ، تەنانەت کاتەکانی تەممەڵی خاوبونەوە وبەتاڵیش بێ سودو مانا نابن ، چونکە چێژ ومانا دەبەخشن بەساتەکانی چالاکی وسەرقاڵی وخۆخەریک کردن .. ئەگەر مرۆڤێک هەمیشە سەرقاڵ و پڕ ئیش و ماندوبێت رەنگە هەربواری نەبێت بیر لە خۆی بکاتەوە داخۆ بەختەوەرە یا بەد بەختە .

خەفەت و ئازار ناخۆشن وکەس حەزی لێ یان نی یە ، بەڵام هەر ئەوانن شادی و خۆشی یەکان دەکەنە یادگاری شیرین و مرۆڤ وا لێ دەکەن ساتی هێمن و ئاسودەیان لەگەڵ بەسەربەرێت ، چونکە ئەگەر شادی و خۆشی یەکان بەهەمان رەوت و ئاراستە بەردەوام بن دور نی یە سەرەنجام و جێکەوتەیان لەسەر دەرون لەخەم و ئازارەکان کەمتر بێت .

ئەمە بەهاوسەنگی ژیان ، ئەمەش ئەو دیدگایە پێویستەیە تا مرۆڤ پێی بەختەوەربێت ، بەمەش کات و روداوە تەنگانە و نارەحەتەکان کەمتر ئازاری دەرونی درێژ خایەن جێ دەهێڵن و زۆر مرۆڤ بەرەو گەشبینی دەبەن و لەشالاَوی ترسە جیاوازەکان قوتاری دەکەن . لێرەشەوەیە لەهەردوو حاڵەتەکەدا مرۆڤ هەڵوێستی تایبەتی بەرامبەر خودای خۆی دەکەوێتە ئەستۆ ، داخۆ چەند لەساتە خۆشی و هاتەکاندا شوکرانە بژێرو لەکاتەکانی تەنگانە و نەخۆشیدا ئارام و پشو درێژە .

حەوتەم:پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان

یەکێک لەسەرچاوەکانی بەختەوەری ژیان ئەو پەیوەندی یە گەرم و گوڕ و بەهێزانەیە کەمرۆڤ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری پێکیان دەهێنێت و لای زۆربەی لێکۆڵەران سەرچاوەیەکی بنەڕەتی یە . چەند سەخت و گرانە مرۆڤ گەورە ببێت دایک یا باوک یا خێزان و برای نەبێت ، دۆست وهاورێ یەکی باش و دڵسۆزی نەبێت کەدڵی خۆی بۆ بکاتەوە و خەم ئازارەکانی لەگەڵدا بەبا بدات . زۆر سەیرە هەندێ کەس لە پەیوەندی و دۆستایەتی و نزیکی خەڵک بێزارن و ئەو مەسەلەیە بەسەرچاوەی گرانی و هیلاکی و سەریەشە لە قەڵەم دەدەن و لایان وایە سەلامەتی لە دورە پەرێزیدایە . مەودا و مەیدانی راستەقینەی پەروەردە و گەشەی مرۆڤ ژیانی کۆمەڵایەتی یە ، ئەو بەختەوەری یە گەورەیەیە لەمیانەی بەخشین و سەرڕاستی لە گەڵ خزم و نزیک و دۆستاندا دێتە دڵی مرۆڤەوە . پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکان دەشێت ببنە سەرچاوەیەکی لەباری بەختەوەری بەم شێوازە:

یەک:گرنگە هەرکەس باشی و جوانی لەگەڵ دەوروبەر و نزیکەکانی ئەنجام دەدات وای نەبینێت فەزڵ و چاکەیان پێ دەفرۆشێت ، یا چاوەرێی پاداشت و خەڵاتەکانی بێت . هونەری چاکەکاری بێ دەنگ تەنها ئاکاری گەورە پیاوانی وەک پێغەمبەران و دانایان و مرۆڤ دۆستانە . فێربون وگەورەبونی ئەم هونەرە لەبونی مرۆڤدا چێژ و بەختەوەری دەداتە ئەو پەیوەندی یانەو ، دەتوانێت بەرامبەرێتی لەگەڵ هەستی منخوازی دەروندا بکات .

دوو : مرۆڤی باوەڕدار چاکە و ڕێزنواندنەکانی لەگەڵ بەرامبەرکانی بەزایە و فیرۆ ناچن ، بەڵکو دوجۆر پاداشتیان لەسەر وەردەگرێت ، یەکەمیان پاداشتی یەکسەری و خێرایە کەدڵخۆشی و بەختەوەری بۆ دەهێنن و لە سنوری ئەو ڕێسایەدایە کە دەڵێت : بۆ ئەوەی دڵم خۆش بێت دەبێت دڵی بەرامبەرەکەم خۆش کەم ، بەرامبەرەکەم ئەگەر بیەوێت دڵخۆش بێت دەبێت دڵی من خۆش بکات . دوەمیان : پاداشتی گەورە و نەبڕاوەی خوایی یە لە قیامەتدا . ئەم چاکە کاری و بەرزی مامەڵەیە لە نزیکترین بازنەکانی پەیوەندی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات و سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە .

بۆ بەهێز بونی ئەم مەبەستە و خەملاندنی هەست و هۆشی بەرزی لەم جۆرە پێویستە چەند مەسەلەیەک بەرچاو بگیرێن :

یەکەم : شتێکی باش و گرنگە کە مرۆڤ بەیناو بەین لە خۆی بپرسێت: ئایا من مرۆڤێکی باشم؟ ڕێز لە هەست و هۆش و مافی مرۆڤەکانی تر دەگرم؟ ئایا من خود پەرست نیم کەتەنها بیر لە بەرژەوەندی یەکانی خۆم بکەمەوە و خەڵکم بیر نەبێت؟ ئایە هەندێ جار بەناوی صەراحەت و راستگۆیی یە وە بەرامبەرەکانم ئیحراج و هەست بریندار ناکەم؟ ئایا ئاستێکی دیاریکراوم لەرێزی بەرامبەر بەسەر خۆمدا فەرز کردوە یان نا...

بۆ نمونە معازی کوڕی جەبەل بەجوانی ئەم ئاستە دیاری دەکات ودەڵێت : بەرامبەرەکانت لەسێ ئاستدا رێز لێ بگرە : ئەگەر نەتوانی سودی پێ بگەیەنیت زیانی لێ مەدە ، ئەگەر دڵخۆشت نەکرد خەمی مەدەرێ ، ئەگەر وەسف و مەدحت نەکرد خراپە و زەمی مەڵێ .

دوەم:خزمەت کردن و رێزنان لە بەرامبەرەکان پێوەری خۆشەویستی و گەورەیی یە ،گرنگە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بێت پلەکانی ئەم پێوەرە بە بەرزی رابگرێت و ئاگای لەو ململانێ ناوەکی و دەرونی یە بێت لەم مەسەلەیەدا توشی دێت و هەوڵ بدات هەمیشە براوە بێت . لەوە دڵنیا بێت هەر دابەزینێکی ئەم پێوەرە ژەنگ گرتنی گیان و رۆشانی هەست و هۆشی خۆشەویستی یە .

تا خۆشەویستی نەبێت خۆگرتن  و ئارامگری لەسەر هەڵەوکەم وکوڕی یەکان بەدی نایەت و هاوژیانی دروست نابێت ، تا پلەی خۆشەویستی یەکەش زیاتر بێت تواناى ئارامگرتن و لێبوردن زۆرتر دەبێت و زۆر لەهەڵە و کەمتەر خەمی و پشوی یەکان تێیدا دەتوێنەوە و کاریگەری خراپیان نامێنێت .

سێ یەم : دۆزینەوەی باشترین هاوڕێ : خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا گەلێک تێکەڵاویی و پەیوەندی دروست دەکەن ، بەلام ئەوانەی دەبنە هاوڕێی هەمیشەی کەمن و ئەوانەی دەبنە باشترین هاوڕێ زۆر کەمترن . ئەو باشترین هاوڕێ یانەی سەرچاوەی دڵسۆزی و لێبڕان و وەفادارین و چاوەڕێ یان لێ دەکرێت لە بەرەنگاری خەفەت و ئازاردا پشتیان  پێ ببەسترێت و بۆ گەیشتن بە هیواو ئاوات و خەونەکان داوای کۆمەکیان لێ بکرێت . ئەمانە زۆر کەمن و بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن یا کەمتریشن .

باشترین هاوڕێ ئەو کەسەیە لە بەردەمیدا و لە ئاست دەربڕینی تەنگ و چەڵەمە و ئازارەکاندا مرۆڤ هەست بە ئیحراجی نەکات ، چونکە دڵنیایە هەست و هۆشی بەهەند وەردەگیرێت و کارلێکی تەواوی لەتەکدا دەکات و بەئازار و تەنگ و چەڵەمەی خوی دەزانێت ، باشترین هاوڕێ بێ ئەوەی پێی بزانیت خەریکی لابردنی خەم وئازارەکانتە و لە هەرکات پێویستت بو بەدەمتەوەیە ، لەوە زیاتر شارەزای ژیانتەو بێ داواکاری خۆت هەوڵی چارەسەری کێشەو ئازارەکانت دەدات ، بگرە لەوەش زیاتر لە پێداویستی و خۆشی یەکانی خۆی دەگرێتەوە تا تۆی پێ دڵخۆش و بەختەوەر بکات . دڵخۆشیت بۆ دەهێنێت چونکە دڵنیات دەکات کەلێت بێزار نەبوە و نابێت و دەهێنێت لەوەش زیاتر خزمەتت بکات .

باشترین هاوڕێ یان هاورێ باشەکان سەرچاوەیەکی بەهێزی بەختەوەرین ، مرۆڤ لەزۆر تەنگژە و قەیرانی دەرونی و ژیان قوتار دەکەن و پەیوەندی یەکان پڕچێژ و مانا دەکەن . بۆیە گرنگە کاتێک یەکێک باشترین هاوڕێی چنگ دەکەوێت هەوڵ بدات بەهیچ نرخێک لە کیس خۆی نەدا ،بگرە بەردەوام شوێنکارو کارلێکە باشەکانی بەسەر بکاتەوە و لەبەرچاوی گەورە رایان بگرێت .

دو هاوڕێ پێکەوە بە بیابانێکدا دەڕۆیشتن ، لەسەر مەسەلەیەک لێیان بوە ناخۆشی و یەکێکیان لەوی تری دا ، ئەویش لەسەر لمی بیابانەکە نوسی : ئەمڕۆ هاوڕێ کەم ئازاری دام . لەسەفەرکەیاندا رێ یان کەوتە مێرگێک و کەوتنە پشودان و مەلەکردن لە ئاوەکەیدا . ئەوەی لێدانەکەی خوارد بوو مەلەی نە دەزانی ، خەریک بو بخنکێ ، بەلام هاورێ کەی خێرا فریایی کەوت و لەمردن ڕزگاری کرد ، کەهاتە قەراخ ئاوەکە لەسەر بەردێک ئەم نوسینەی هەڵکەند: ئەمڕۆ هاوڕێکەم لەمەرگ قوتاری کردم . هاورێ کەی لێی پرسی بۆ ئازارەکەت لەسەر لم نوسی و رزگارکردنەکەش لەسەر بەرد . ئەویش وتی : ئەگەر شەماڵی لێخۆشبون و هاورێ یەتی هەڵی کرد با نوسینی ئازارەکە بسرێتەوە ، بەلام هەرچەند زریان و شەپۆلی توڕەیی و رق هەڵبکەن بانوسینی رزگارکردنەکە هەر بەزیندویی بمێنێتەوە .

خەڵکانێک هەن خۆیان لەو هەموو بەختەوەری و دڵخۆشی یە بێ بەش دەکەن کە هاورێ یەتی دروستی دەکات ، چونکە متمانەیان بەکەس نی یەو هەمیشە لەسەرگومان مامەڵە لەگەڵ وتار و کرداری بەرامبەرەکانیان دەکەن و لێکدانەوەی خراپ زاڵە بەسەریاندا . هەموو هەڵوێست و جوڵانەوەیەکیان خود پەرستی و بەرژەوەندی خوازیی ئاراستەی دەکات و وەک مانگای شیردار لە هاورێ یەتی دەڕوانن کە هەمیشە سودی لێ ببینن و چاوەڕێی هیچ کەم وکوڕی و هەڵەیەک نین و زۆر بە دڕدۆنگی بەرامبەری دەبنەوە . بۆیە هەمیشە ماندو و تەنیا و نامۆن ،کەس ناچێتە دڵیانەوە و ناچنە دڵی کەسیشەوە ، لەناو قەرەباڵغ ترین کۆمەڵ و پەیوەندی دا تەنیا باڵ و بێ هاورێ و هاودەمن..

گرنگە مرۆڤ بۆ بەردەوامکردنی هاورێ یەتیەکانی چاکەکانی لەبەرچاو بێت و هەوڵی پاداشت دانەوە و گەڕاننەوەیان بێت ، ئەگەر هەرنەیتوانی لە نزای خێر هاورێ باشەکانی بێ بەش نەکات .

یەکێک لەو دەردانەی هاوڕێ یەتی تێک دەدات ئەو حوکم و بڕیارە خێرا و توڕانەیە کە لەساتە نا هاوسەنگ و دژوارەکاندا دەدرێن ، ئەو ساتانەی تەواوی مەسەلەکان دیارنین و

هەمو زانیاری یەکان ئاشکرا نەبون . زۆربەی ئەو هەڵوێستانەی خەڵك دەیان نوێنن زەمینەیەکی تایبەتی و بیانوی خۆیان هەیە ، پارەنگە بیرکردنەوە و ئیجتیهادێك بن بۆ ئەنجامدانی کارێکی باش یا لابردن و رەتکردنەوەی کارێکی خراپ .

گرنگە کە هەواڵێك یا مەسەلەیەك لەسەر هاورِێ یەك بڵاوە دەکات مرۆڤـ جەخت لە ڕاستی و دروستی بکاتەوە پێش ئەوەی باوەڕی پێ بکات یا بیگێرێتەوە : داخۆ ئەو وتەیە ڕاستە؟ یا وتەدەمێ و وتووتی یە ؟ ئایا قەوارەکەی هەر ئەوەندەیە یا زیادی پێوەنراوە ؟ ئایا بڵاوکردنەوەی بەسودە یا زیانی لێ دەکەوێتەوە ؟ ئەگەر سود یا زیان کامەن ؟ ئایا بە بڵاوبونەوەی چ بەرژەوندی یەك بەدی دێت ؟ لێرەوە بڕیاری تەواو لەسەر مەسەلەی لەو جۆرە دێتە ئاراوە.

چوارەم : سادەیی و دڵسافی

ئەو دو ئاکارە باشەن کە بەختەوەری بە ژیانی مرۆڤدا پەخش دەکەن . سادەیی کەم کردنەوەی مامەڵەی رەسمی و لابردنی پێوە دانگە روکاری یەکانە، ، سڕینەوەی ئەو ئاڵۆزی و دەمامکانەیە کە هەندێك باو فەرزی کردون ، زۆر جار ناوداران و دەوڵەمەندان و بەرپرسان دەرون گران و ماندو دەکات . سادەیی ئەو بەختەوەری و دڵخۆشیەیە بەئاسانی هەژاران و کەم دەست ومرۆڤە ئاساییەکان چنگیان دەکەوێت ، بەسادەیی و ساکاری میوانداری و هاورِێ یەتی و کۆمەکی و هاوژیانیان ئەنجام دەدەن ، ئەوەندە پێویستیان بەرۆتین و رەسمیات و ڕێکخستن نی یە بەرامبەریەك بەروی خۆیان و بێ روپۆش دادەنیشن و لەقسە و داواکاری و هەڵس و کەوتەکانیاندا زۆر لەخۆیان ناکەن ، خۆیان چۆنن هەروا دەکەن . کەچی ناودارو دەوڵەمەند و بەرپرسەکان لەم هەموو نیعمەت و چێژە بێ بەشن .

یەکێك لە بەرپرسە گەورەکان لە دەوڵەتێکدا دەڵێت : خۆشی و چێژی ژیان نی یە نەمکردبێت ، تەنها یەکێك نەبێت؟ کەئەویش هاورِێ یەتیەکی سادە و بێ روپۆشە لەگەڵ یەکێکدا ، پێکەوە دانیشین و هیچ رەسمیات و زۆر لە خۆکردنێکی تێدا نەبێت ، چیم بوێ و پێم خۆش بێت بێ ترس و شەرم بیڵێم ، ئەویش چی پێخۆشە و بیەوێت بێ ترس و شەرم بیڵێت .

لەژیانی رۆژانەدا و لەترسی رەخنە و توانج و پلار خەڵکی زۆر لەخۆیان دەکەن و پێوەی ماندو دەبن و ئاسایی مامەڵە ناکەن ، لەمیوانداری یەکدا بۆ ئەوەی بەرِەزیل و دەست نوقاو وەسف نەکرێن ئەو پەڕی ئیسراف و زیادەرِەوی دەکەن ، بۆئەوەی بەبێ رێزو کەم ماریفەت نەناسرێن ئەوەندە زیادە رِەوی دەکەن دەچێتە سنوری دورِوی و دەمامك بەستنەوە .

دڵسافی پاڵپشت و کۆمەکی سادەیی یە ، بەومانایە دێت : کە مرۆڤ زۆر لە ئاکار و وتاری بەرامبەرەکانی ورد نەبێتەوە و هەڵوێستەکانیان بن کەن و ڕەگ هەڵکێش نەکات ، بە وردبین نەگەڕێت بە دوای کەم و کورپەکاندا و بەزۆرو لە هیچی نەبوو هەڵە دروست نەکات . بەڵکو قسەکان وەك خۆیان وەرگرێت و باشترین لێکدانەوەیان بۆ بکات . دڵسافی واتە رێگە بۆ خەڵك ئاسان بکەین لێمان تێ بگەن و سادە مامەڵەمان بکەن . مرۆڤی وایە لە کتێبی مەتەڵ و گەنجینەی نهێنی یەکان دەچێت ، هەمو وتەو ئاکارەکانی خۆشی بەنیشانەی پرسیار وسەرسورِمان پەردە پۆش دەکات ، خۆی وا دەکات هەمیشە بەرامبەرەکانی لێی بەدگومان و بەخورپە بن ، بەدەگمەن نەبێت نایەوێت روە راستەقینەکەی دەرکەوێت .

پێنجەم: راستە بەختەوەری وکامەرانی لەناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت ،بەڵام زۆر جار بەحوکمی کارکردن یان ژیان مرۆڤ روی بەکەسانێدا دەتەقێت کەسەری دنیایان لێ هاتۆتەوەیەك و هێندەی نوکە دەرزی یەك رۆشنای و ئومێد نابینن ، تەنانەت ئەوکاتانەی بەدەم پێدەکەنن بەدڵ وناخیان دەگرین و بێ هیوایی و رەشبینی بەهەمو مەسەلەو روداوێکەوە دەلکێنن ، هەمیشە فویان بەکەرِەنای ترس و دودڵی و دۆرِاندنەوەیە ، ژیان بەلایانەوە تاریك و رەشە ، وا دەزانن سەرکەوتن و خۆشی یەکان هەرخۆیان دێن و هەوڵ و ماندوبونیان گەرەك نی یە .

گرنگە لەحاڵەتی وادا مرۆڤ گیان و هەناسەی ژیان لەوان وەرنەگرێت و تەسلیم بەتەلیسم وجادوە دەست و قاچ شکێنەکان نەبێت ، ئەگەر نەتوانێت بەرەو بەرزی و ئاسۆی رۆشن هەڵیان کێشێت ئەوا خۆی بەرەو نزمی تاریکی لەگەڵیان رۆنەچێت و دەست و قاچی بەوان نەبەسرێتەوە . بگەڕێ بۆ ئەوانەی هەناسەی چوستی و کارلێکی رۆشن و گەشبینی پەرش دەکەن و لەپاڵ تین و ئیرادەی ئەواندا بوەستێت و ببێتە بەشێک لەو نەغمە بەسۆزانەی کۆڕاڵی سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ ژین دەچڕن .